

- شێعرەکانی *جەلال مەلەکشا
- کۆکردنەوە **شەماڵ ئەحمەددووژن

ئێواران ئەو دەمانە...

دڵم پەڕەسێلکەیەکە

بێکەس،تەنیا دەخولێتەوە

دەچریکێنێ

دەچرپێنێ

دوا چیرۆکی مەرگی ئەوین

بۆ لاڵەکان، نەژنەوەکان

ئەدرکێنێ...

«شەماڵ ئەحمەددووژن»

«تۆ لە جیهانی خەون و خەیاڵا بەرخە مامزی خنجیلانەت بە سرکی و سڵی‌یەکا، بە ڕوانینی گەرمی نیونیگا، بە شنەیەکی فێنک و بۆنخۆش کە بە داوێنی کراسی موونسی شاگوڵی لەشی ئەپرژێنێتە ناخی دەماختا، ئەناسییەوە و بێ‌یارمەتی زمان و وشە و دەنگ پێی ئەڵێی خۆشم ئەوێی. گڵی زیندوو، تووتڕکی کێوی و عەتری ئەو با نەرم و نیانە کە مەست و سەرخۆش لە میوانی شلێرەجارِ ئەگەڕێتەوە. ئەمەیە خەوبینینی تۆ! بەڵام داخی‌گرانم تۆ بە خەوبینین قنیات ناکەی! ئەتەوێ هەرچی لە خەوا ئەیبینی، لە بەخەبەریتا بتبێ. دەس درێژ ئەکەی تا پەردەی تارمایی لادەی. بە هەر دوو دەس چاو ئەگڵۆفی و خەون و خەیاڵ ئەتارێنی. پاشان دەس ئەگێڕی تا داوێنی ئەوینت بگری و بەری‌نەدەی، کەچی دەستت بێهوودە هەوای بەتاڵ ئەپشکنێ.

تۆ وەک پەپوولەی هاوریشم ئەتەوێ لە تالاری ڕەنگاڕەنگی تان‌وپۆت بێتە دەر؛ بەڵام لە دەرەوە جگە لە زبری و ڕەنگی خۆڵەمێشی هیچی‌تر نییە!»

بەشێ بوو لە تاپۆ و بوومەلێڵی کاک سوارە، بەڵێ ڕاستە لە جیهانی ڕاستیدا چ نابینی، ئەسپی یاخی بووی دەروونت لێتناگەڕێ و بەرەو هەڵدێرەکانت دەبا.مەگین ئەوەی کە خۆت بدەیە دنیای شێعر و نووسین و لە ڕەشایی دەربچی، جیهانێک بخوڵقێنی سەرانسەر خۆشەویستی بێ و کەس ئاغا و کەس بندەست نەبێ، ئەوەیە کە سەربەستی خۆت لە شێعرەکانی مامۆستا مەلەکشادا دەدۆزییەوە؛ ئەو کارەش کۆکراوەیەکە لە شێعرەکانی کەناڵی مامۆستا مەلەکشا، هیوادارم بە دڵتان بێ و بتوانم بەم کارە چووکە لە دنیای مەجازی گۆشەیەک لە هزری فەلسەفی شاعیرتان پێبناسێنم، دڵتەڕ و دەم پڕ بزە بمێنن.

«شەماڵ ئەحمەددووژن»

## • پێشەکی

**جەلال مەلەکشا**

**ساڵی 1330ی کۆچی هەتاوی لە گوندی«مەلەکشا»ی سەر بە شاری سنە لە دایک بووە.لە شاری سنە پەروەردە بووە و لە قوتابخانەکانی ئەم شارە هەتا ڕادەی دیپلۆمی ئەدەبی دەرسی خوێندووە. هەر لە مێر منداڵی و سەرەتای لاوییەتەوە دەستی بە نووسینی شێعر و پەخشان کردووە، سەرەتا نووسراوەکانی بە زمانی فارسی بووە.**

**لە دوا ساڵەکانی دەیەی چلەکانەوە بەرهەمە شێعرەکانی لە گۆڤار بڵاڤۆکە فارسییەکاندا بڵاو بووەتەوە. هەر لەم ساڵانەدا بە هۆی چالاکی سیاسی دژی ڕژیمی پاشایەتی چەندین ساڵ زیندانی کراوە.ژیانی جەلال مەلەکشا پڕ لە ئازار و ڕەنج و دەرد بووە و زۆربەی ژیانی بە ناشادی و تاڵی و ناخۆشی و نامورادی ڕابواردووە و زۆربەی شێعرەکانی بەرهەمی گۆشەی زیندانەکانە. لە بەستێنی ئەدەبیاتی فارسیدا(شێعر و چیرۆک) سەرکەوتنی باشی وەدەست هێناوە و هەرچەند کتێبی بڵاو نەکردۆتەوە بەڵام بووە بە ئەندامی "کانوونی نووسەرانی ئێران".لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەرەو ئەدەبیاتی کوردی وەر گەڕاوەتەوە و لە ماوەی چەند ساڵ چالاکی ئەدەبیی کوردی وەک شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووی کورد ناو و ناوبانگی دەرکردووە.ئاسەوارە کوردییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکە کوردییەکاندا بڵاو کردۆتەوە. ماوەی چەند ساڵی دیکەی زیندانی کێشاوە.**

**ماوەی ١٤ساڵ وەک نووسەر و ڕۆژنامەوان، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "سروە" و کارمەندی ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە و بەرپرسی بەشە ئەدەبییەکانی گۆڤاری سروەی (شێعر و چیرۆک و**

.....) وە ئەستۆ بووە.ماوەیەک سەر نووسەری گۆڤاری پرشنگ لە شاری هەولێر بووە کە 5 ژمارەی دەرچووە.لە پاڵ ئەدەبیاتی کوردیدا، دەستی لە ئەدەبیاتی فارسی هەڵنەگرتووە و ناو بەناو بەرهەمەکانی بە زمانانی ئینگلیزی ، فەڕەنسی، ڕووسی، عەرەبی، وەرگێڕدراوە.ئەم دەفتەرە شێعرە هەڵبژاردەیەک لە شێعرەکانی شاعیر و چەندین کتێبی دیکەی شێعر و چیرۆک و ڕۆمان و کۆمەڵەوتاری ئامادەی چاپ و بڵاو کردنەوەیە.زۆربەی زۆری شێعرەکانی ئەم دیوانە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکە کوردییەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

ئەوە ئێوە و زڕەی زنجیری وشەدیلەکان. ◆

## ● «دارە پیرە»

هەبوو نەبوو

ساڵانی زوو

لەسەر یاڵی بەرزی مێژوو

پیرە دارێک بە ساڵاچوو ڕاوەستابوو

سەری نابووە کۆشی خەیاڵ

بیری لە ژین ئەکردەوە

قژو کەزیی شانە ئەکرد دەستی شەماڵ

بەقەتار و سیاچەمانە

بە حەیران و لۆرە و هۆرە و بەگاڵەگاڵ

دارە پیرە بەر لە مێژوو

لە نێو ئەم خاکە ڕەوا بوو

دارە پیرە ڕیشەی ژینی

تا نێو دڵی گابۆر و ماسی کوتا بوو!

دارە پیرە سەد قۆناخی بە چاو دیبوو

بار و بنەی سەد کاروانی ڕاپێچابوو

دارە پیرە زریان و شەختە و ڕەشەبای

سەدان کەڕەت بەزاندبوو

دارە پیرە وەک ئێشکچی دەشتی سووتاو

لە سەر لووتکەی قەڵاکەی خۆی ڕاوەستا بوو

دەشتی سووتاو ، گەوای شەڕ و تێک هەڵچوونی سەدان جاری

دار و زستانی ملهوڕ بووا!

ئەوەی پاشەکشێ ئەکرد

هەر زستانی گژ و دڕ بوو

وەرزێکی تاڵ

ڕۆژێکی ڕەش

دارە پیرە سەری نابووە کۆشی خەیاڵ

با ، لاپەڕەی گەڵاکانی

وەک کتێبی کۆنی مێژوو ئەدا لاوە

ڕووداوانی یەکە یەکە

بە گوێی دەشتا ئەخوێندەوە

فەرمان درا

فەرمان درا

دارە پیرە بقڵیشێنن

کۆتەی ئەنجن ئەنجن کەن و بۆ زستانی سۆبەی کۆشکی فەرمانڕەوا

ڕەگ و ڕیشەی دەر بهێنن

فەرمان درا ،لە بەر ئەوەی سێبەری وی مۆڵگەی گەڵاڵە و پیلانە

لە بەر ئەوەی هێندێ باڵندەی نافەرمان

کردوویانە بە هێلانە

پاڵ و پەسیو دارە پیرە

مەتریزی یاخییەکانە

بیقڵیشێنن هەڵیپاچن

چیلکەی کەن و

بە سێدارەی یاخی بوونیا هەڵیواسن

داس و کۆتک و تەوەر هاتن

لە سێبەری دارە پیرە

ئیستێکیان کرد

چاویان گێڕا

دارە پیرە وەک بەردی ڕەق

خۆی بۆ زەبری داس و کۆتک و تەوەر و چیتر ئامادە ئەکرد !

خێڵی دوژمن ، بە هەڕەشە و گەلەکۆمە

هورووژمیان بۆ دارە پیرە برد!

لە سێبەری دارە پیرە کەوتنە ڕاوێژ و تەگبیران

گەورەکەیان وتی یاران

وەک کورد ئەڵێ

"دارێ پوازی لە خۆی نەبێ قەد ناقڵیشێ"

پوازێ لە خۆی پەیدا کەین و دایتاشین و ئیتر ئێوە کارتان نەبێ !

کەوتنە گەڕان

ئەم لا گەڕان

ئەو لا گەڕان

لە ئەنجاما ، بەر چاویان کەوت لقی سووتاو

ڕەق و تەق و ڕەنگ بزرکاو

لار و گێڕ و لە بەر خۆرەتاو هەڵقرچاو

لاواز و بێ بەر و بەڕەڵا

وتیان خۆیە

دیارە دەبێ بە ئارەزوو

هەڵیقلاشین

بەو جۆرە وا مەبەستمانە

بۆ گیان ئەم دارە دایتاشین

لقیان بڕی

لقی لار و خوار و خێچ و بێ ئەمەکیان

بە بەڵێنی درۆ کڕی !

دایانتاشی ، تیژیان کرد و بوو بە پەواز

وتیان پێی چۆن خەیانەت کا

هەورێ کەوتە بەر دەمیان و پیرە دارەیان گەمارۆ دا

دارە پیرە هەناسەی ساردی هەڵکێشا

وتی:

لقه مەڕۆ مەبە بە دارە دەست

قەیناکا هەر ماوەت ماوە

باوەشی من بۆ تۆ هێشتا ئاوەڵایە !

لە گەڵما بە لە بەرامبەر ئەم بەڵایە

مەڕۆ لقه جێم مەهێڵە

دەشتی سەوزی باوانی خۆت

بە ئامێر و نێری بێگانە مەکێڵە

بەڵام هەوری ویژدان تۆپی و

پووزەی تێژی نا سەر سینگی دارە پیرە

ئەمجار دار وتی: پواز !

وەر گەڕێوە بۆ خۆت ئەڵێم من نامرم ...

لە ئەو پەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە

مێژوو حوکمت لە سەر ئەدا

دوژمن خاکی خەیانەتت بە سەر ئەکا

فریو مەخۆ ، داوی نەیار بپرچێنە

تف لە سیمای عەرنەمووت کە

هەڵبرووسکە و چاوی دوژمن قاڵاو پوت کە

پوازوتی

ئیتر من ئەو لقە لەر و لاوازە نیم

تەماشام کە بزانە چیم

ڕێزم ئەگرن ، قەدرم هەیە

جامەی ڕەنگین بۆ سەر تا پای باڵام ئەبڕن

بەڵێن وایە بمکەن بە خەنجەری بەر پشتوێنی فەرمانڕەوا !

من چیم داوە لە یاخی بوون

نازانم لە خەبات دژی سەرما و سۆڵە و مافی ڕەوا

ئیتر پارە و پاروو لە لام هەر وەک کایە

زگم تێرە و جامەی زێڕین لە بەر ئەکەم !

قەد نەم دیوی ،نایشتناسم

ڕەگەز چییە ، باوان کامە

زێد و وڵات لە لام بایە

خۆ وەحشی نیم ، ئێوە مانان

لە ئەم یاڵ و دەشت و چیایە

تەماشاکە چەندە جوان و شەنگم

چەندە تیژم کێ ئەزانێ من ئەو لقەی هەڵقرچاوم

هەلی وا قەت دەست ناکەوێ

لەسەر فەرمان دەتکوژم و داخم بە سەرتا ئەڕێژم

پوازی نەیار

وەک سەگی هار

قەپی کردە ناخی دارا

خێرا هاتن داریان دا بەر

دارە پیرە لە نێو خوێنا

ئەم وشانەی هاتە زارا

من نامرم

لە ناو خوێنا ئەژوێمەوە

وەک چو زە رە و چرۆ لە سەر لووتکەی خۆمدا دەڕوێمەوە

دارەکەیان بنبەڕکرد و بۆ ئاگری کوورەی کۆشکی سوڵتانیان برد

ڕێ کەوتن و پواز وتی

ئەی من نابەن ؟

گەورەکەیان وتی

لاچۆ

لاچۆ لە بەر چاوم بۆگەن!

قەد نەم دیوە خاین بە خۆ بێژگە سپڵەی وەک تۆ

تفی لێ کرد، بە شەپان و تێهەڵدان

فڕی دایە نێو زبڵدان

ئەوان چوون و دوای شینگێڕی دارە پیرە

مقۆ مقۆ کەوتە چیا

باڵندەکان هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد

پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد

وتم چییە ؟ چی قەوماوە ؟

لە دوای مەرگی دارە پیرە

جگە لە خوێن و ئەشک و ماتەم چیمان ماوە ؟

وتیان نابێ بیدرکێنین

نهێنی و ڕەمز و ڕازە

دەبێ بە چاوی خۆت بیبینی

کاتێ چوومە سەر مەزاری دارە پیرە

بە چاوی خۆم ئەوەم بینی

گوپکە و چوزەی چەتری تازە

---

## خۆشەویستی

خۆشەویستی من
چۆن بەرایی دا
چاوەکانت وا ببینێ من بە تەنیایی ؟
خۆ دڵی من
کۆتری بن گوێسوانەی چاوەکەی تۆ بوو
نەتئەزانی من بەبێ تۆ،
ڕۆحی نەسرەوتم ؟
وەك گوڵی نێو شۆرەکاتی وەرزی بێباران
زڕ دەژاکێ، سیس دەبێ، دەمرێ

سەد مخابن
من ئەویندارى هەژار و تۆ لە خۆبایى
ئێستە سەرگەردان
وا دەپێوم کوێرەڕێى سەختى ژیانى تووش
توێشە خاڵى، دەسبەتاڵ و قاڵبێکى بێدڵ و هەستم
ئیتر ئەم تاڵاوە بادەش، ئۆقرە نابەخشێ
من تەژى دەردم
نوقمى هاڵاوى خەیاڵم
شاعیرێکى شەوگەڕى مەستم
ڕەنگە نەمناسیتەوە ئەم جارە بمبینى
بەفرى وەرزى خەم
دۆڵى دڵمى کردووە جێگەى ڕنووى ماتەم
ون بووە سیماى زەمانى لاوەتیم
تەنیا تاپۆیەك ماوە
تاپۆیەکى نێو مژێکى خۆڵەمێشیى خەم
ڕەنگە چارەنووسى من وا بێ
وەك چلۆن تەنیا لە دایك بووم
هەر بە تەنیاش ڕابوێرم ژین
تازە ئاخر هەر بە تەنیایى
سەر بنێمە باوەشى مەرگ و
بایەقوش لە کاولاشى نێو دلى خۆمدا
بۆم بخوێنێ سوورەتى یاسین
خۆشەویستم! کاتێ من مردم
قەت مەپرسە
چۆن بەبێ تۆ ژینم تێپەڕ کرد
ژین نەبوو، هەر ساتە مەرگێ بوو

قەت هەواڵی شوێنی مەرگ و گۆڕەکەم لە کەس مەپرسە، بەس
من بەڵێنم بردە سەر
پەیمانەکەم نەشکاند
کاتی مەرگیش دوا هەناسەم هەر بە یادی تۆوە هەڵکێشا
دوا وشەم هەر ناوی تۆ
هەر ناوی تۆ
هەر ناوەکەی تۆ بوو...

---

## شیرین گیان

پێش لەوەے بتناسم
تفەنگێکی یاخی بووم
گرژ و مۆن...
لە لووتکەے خۆمەوە
تا بەرپای عەشقی تۆ
کەوتمە تلاوتل
ئێستا لە قەراخے ئەستێرکی ئەوینتا
هەر وەکوو شۆڕەبی
خاکەڕاو لارەمل!

بە هەر لا دەنۆڕم وەکوو
یادگارێ
کەلامێک و نەخشێ لە ڕابردوو
ماوە
لە سەرسنگی ئەو دارە پیرە
دەبینم،
دڵی خۆم و خۆتە کە تێکەڵ
کراوە

---

### تۆیان کوشت دەستیان شکێ،

بەهێزترین ئەستووندەکی تاوڵی مرادی کورد شکا
کە تۆیان کوشت چاویان کوێر بێ،
گشت کوردستان زریکاندی
کە تۆیان کوشت کۆستیان کەوێ،
گڕ کەوتە خەرمانی کورد
هەتا بۆی کرا سووتاندی
جرجە مشکی خاوەن گەرای شوومی تاعوون،
و ایانزانی ئیدی دەریا،
تەنانەت یەک هەناسەش وێی ناکەوێ
تا وەخرۆش کەوێتەوە
وایانزانی ئەوی چوو چوو
نایەتەوە،
نەیانزانی گڕکان دوای دامرکانیشی
سەرلەنوێ گڕ دەگرێتەوە
کوردستانیان نەناسیبوو،

نەیانزانی کوردستان گشتی گڕکانە
لە نێو دڵی زامداری دا ژانەکانی هەڵدەگرێ،
پەنگ بە خەفەتەکان دەدا،
فرمێسکەکان دەخواتەوە،
جارجار خۆی رادەچڵەکێنێ‌و هەرمانی خۆی دەسەلمێنێ
بە ئاگری یادی شەمە کوژراوەکان هەر دەکوڵێ،
هەر دەکوڵێ هەتا هێندەی
باڵای بەرزی سەربەرزیی سەردارەکانی گڕدەگرێ

## گازەندە

لێتان تووڕەم
لە گەڵتانا
یەکڕەنگ ژیام
بە شادیتان شاد ئەبووم و
لە ماتەمتانا ئەگریام
بەڵام کاتێ
قوڵپەی گریان
ئەوکی هەنسکی پێگرتم
ئێوە کردتان بە شایلۆغان
ئێستاش
دڵە ساکارەکەم نەگۆڕاوە
هەر وەک دڵەکەی جارانە
هەرچەند تووڕەم
پڕ لە خۆشەویستیتانە.

## هەتا لووتکە چەندی ماوە؟

دانامرکێ
هەتا دڵی هەر زیاد ئەکا
گڕ و گڵپەی ڕۆحی یاخی بووی ئەشقیام
ڕامەوەستە، بڕو لە لام
باتاوانی من تۆش نەگریێ
کەوتوومە بەر تووکە شەقی چارەنووس و
وەک گۆیەکەی سەرگەردانی گۆڕەپانی نەفرەتی خوام
ژیانم لێ وەڕەز بووە
زەوی لە ژێر گرانی لەشما ئەناڵێنێ
چاوی ڕۆژ لە حاند سیمای من هەڵنایێ
من_چۆلەکەی_باڵشکاوی
وەرزی ڕەشی گەردەلوولم
ڕۆحم لەگەڵ ئارامشدا،
لە زەوی تا ئاسمان دوورە
دڵم پڕە لە هاوار و گوێچکەی گەردوون
لە بەرامبەر پاڕانەوەم کپ و کەڕە
لێم نابیسێ سکاڵایێ
ئاسمانی من نزم و نەوی
سەرم تابن میچی دەگا
هەورێکی ڕەش سەر تا پامی داپۆشیوە
ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە
تەنیا ڕێگەی بەر هەنگاوم
لە خۆمەوە دەست پێدەکا و
دەگا بە هەڵدێری ڕۆحم

چ ئاستەنگێکی باریکە
ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە
باران... باران، بارانی ڕەش
یاغر یاغر دەبارێت و تەڕم دەکا ونامشواتەوە
لە ناو تۆف و کڕیوەے وەرزے شەختەبەندی تەمەندا
ڕەق هەڵاتووم
بو کوێ دەڕۆم؟
نازانم لە کوێوە هاتووم؟
شێرە بەفرینەے دەستکەردے منداڵانے چارەنووسم
ڕوژ وەک ئەژدیهای ئەفسانە
لووشم دەکا و دەمخواتەوە
هەتا لووتکە چەندے ماوە؟
ئەے خوا گەورە و بچووکەکانے سەردەمے ویژدان تۆپیو
جولجوتا"ے من لەسەر دوندے کام کوێستانە"
بە ئەندازەے هەزار عیسای ناسری لە خاچ دراوم
یەهووداکان لەو دیو پەرچینی ماچەوە
بە ساکاری ڕۆحی ماندووم گاڵتە ئەکەن
ئەے خوا گەورە و بچووکەکانے سەردەمی ویژدان تۆپیو
هەتا لووتکە چەندے ماوە؟

مەهێڵن ، مە...
ئەم جارە کە گەیشتمە لووتکە،
بەردے گیانم بەر بێتەوە
من نامەوێ ئەم زەوینە پڕ تاوانە لەژێر پێما بخولێتەوە
ئاخر مەگەر نازانن من
ساڵگارێکە گاشە بەردەکەي" سیزیف"م لە کۆڵ ناوە؟
هەتا لووتکە چەندے ماوە ؟

ڕاستە من بووم لە ئاگردانەکەے ئێوە
ئاورم دزی بۆ مرۆڤ و
لە مەشغڵدانے ڕۆحے خۆم
تیشک و ڕووناکیم دابەش کرد
گوناهم کرد
!بۆیە ئێستا لە تاراوگەے هەڵەمووتم
ئاورەکەیان بەردایەوە لە گیانی خۆم
تەماشاکەن چۆن ئەسووتم ؟
ڕزگارم کەن...
لە چوار مێخەیان کێشاوم
هەموو شەوێ بە ژاری ژین
دەشتی گیانم ئاژین ئەکەن
!ئەم مۆتە کە سوارے ڕۆحے ماندووم بووە و دانابەزن
ئاسمان بێزوو بە خوێن ئەکا
هەر داڵ ئەزێ
هەر داڵ دێن و جەرگم دەخۆن
ئەم ئاسمانە هەر داڵ ئەزێ
هەر داڵ ئەزێ
ئاخۆ گوڵے شۆرانے لە کام کوێستانە ؟
کوێستان نەما بەرد بە بەردے
بە خوێنے خۆم نەشۆرمەوە
هەر دەڕۆم و ناگەم بە ئەو ناونیشانەے
"شۆڕە خەزاڵ" بۆی داناوم
هەر ئەڕۆم و زام لە سەر زام
لەسەر سینگ و دڵم دەڕوێ
گوڵی هەزار ، هەزار عەزرەت
لە کوێستانے

دڵما پشکووت
ڕێگەی گەڕانەوەش نییە
پەردەکانی پشتی سەرم گشت ڕووخاون
هەوارەکەی "خاتوو خەزاڵ"یشیان کردە قەرەبووت
هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو
هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
ئەی من تا ئێستا چۆن ماوم؟

---

## ژوانی کوردەواری

کونجێکی تاریک
دوو سێبەری سڵ
لە یەکتر ئاڵاو
بە پسکە پسک و هەناسەبڕکێ
تەمەننای نیگای دوو چاوی شەیدا
کسپە و خۆرپەی دڵ
کڵپـــەی ئەوین و
بڵێسەی ئاگر
دەستێکی لەرزۆک
مەڕ مەڕی سینگ و
لەرە و تەکانی دوو مەمکۆڵەی خڕ!
سرتەی دوو لێوی تامەزرۆی یەکتر
تک تک ئاونگی عارەقەی شەرم
لەسەر پەڕەی گوڵ
لە ناکاو
چرپەی پێی ڕێبوارێک و

سڵێ ئاسکێک و
کۆڵانێکی پڕ
لە زرینگە و بۆنی بازنە و سمڵ

---

## ـ ئاواز حسرت

جهان را چون به عشق آغاز کردند
مرا با نام تو همراز کردند

همان روز نخست آفرینش
به گوشم عشق را آواز کردند

مرا با غم سرشتند و تورا هم
خداوند شکوه و ناز کردند

سرا پای تورا شاد آفریدند
مرا با مرغ شب دم ساز کردند

مرا خسته، رها، در دشت هجران
تورا درباغ، سروناز کردند

مرا با دام عشق تو بستند
تورا آمختەی پرواز کردند

مرا چنگی پر از آواز حسرت

تورا چون زخمه‌ای بر ساز کردند

مرا مرغی اسیر و پر شکسته
تو را در آسمانها باز کردند

غم دنیا بدوش من نهادند
تورا شاد و غزل پرداز کردند

---

## منطق عشق

نامت را از آتش آموختم
واز آب،
لطافت روحت را،
سرشارتر زلال،
در منطق کدام فلسفه،
آتش و آب، بهم آمیخته‌اند؟
وقتی که گل شکوفه می کند
چهره‌ات به آتش می ماند
و جانت را
عبور نرم آب
در ترنم است
نه از فلسفه کلامی می دانم
و نه منطق
می گنجد در کلام من
بی استدلال دوستت دارم
و با جرأت یاغی عشق
آتش و آب میزنم

لەم جیهانە
پەلەوەریش
نیشتمانی بۆ خۆی هەیە
دارستانێ، تاقە دارێ
ئاوارەش بێ
نێو ئەشکەوتێ، بن پاسارێ
چۆن شێت نەبم،
نەچم بە گژ کوێستانا و
چوار ڕێیانی گەردوون نەگرم
هێشتا بستێ خاک شک نابەم
تیا بژیم،
تیا بمرم...

---

**.ناوێرم بانگت کەم شوێن دەنگم هەڵدەگرن**
.ناوت لێم زەوت ئەکەن هاوارم سەر ئەبڕن
.بۆنی دەم دەکەن وبۆ نێو دڵ دەڕوانن
.ئەوین وئازادی هەردووکیان تاوانن
.ئاواتم گشت مردن لە نێو ئەم تەلبەندە
.من ماوم ودڵێکی زامداروگازندە
.دوا گەڵای زەردی بەر هەناسەی زریانم
.بەهارم نەدیوە،من خەڵکی زستانم
.ڕاوچی هەر بەباڕی لەرکەی ئاخنیم
.خوێنی لە دەمارو ئاوی لەلەش چنیم

.بەر بینگی لێ گرتووم مۆتەی ئەم شەوگارە
.بۆهەرلا دەڕوانم وەردیانەوشۆڤارە
.بەڵام هەر دەڕووخێ قەڵاچەی بێدادی
.ئەخەملێ وەرزی ژین بە تیشکی ئازادی
.داخەکەم ئەوڕۆژە بەچاو خۆم نابینم
.وەک خۆری زەردەپەڕلاوازو بێ تینم
.بە کامی دڵی خۆم ساتێکم ڕانەبرد
.لەباخی ژیاندا گوڵێکم بۆن نە کرد

---

## تاوان

چونکە ئەموت
مرۆڤ دەبێ،
ئازاد و شاد و سەربەست بێ
شـــادے ، دڵــدارے ، ئازادے
بنەڕەتـــے ژیان بێت و
بچووکترین وشەے ئەوین
ماچ و ئاواز وهەڵبەست بێ
دڵیان کۆڵیم
داخــے هەزار خەمیان چزان بە جەرگمەوە
مورے سوورے قاچاخ بوونیان
کوتا بە سەر وشە و شێعر و دەفتەرمەوە

---

لە گۆڕەپانی شارێکا
جەلادەکان, داریان هەڵخست
جارِیان کێشا
ئەوەی ویستیان...
بە تەشیە کۆنەکەی خۆیان
بۆ خەڵکیان رست
وتیان: تاوانی ئێعدامی
گەچلاندنی خەوی شارە
سزای ئەوەش لە قانوونی ئەساسیدا
بۆ چاوترسێن خەڵکی, دارە
وتیان: تاوانی ئێعدامی
ورووژانی بورکانە دامرکاوەکان
بۆ تەکان و بوومەلەرزە و ئاژاوەیە
هێنانەوەی دەنگی کوێستان
بۆ شڵەژانی ئاسایشی ئەم ولاتە رازاوەیە
نیوەشەو بوو
لە قاوشی زیندانێکا
ئێعدامیە تاوانبارەکە
بیری لە کازیوە ئەکرد
لە ژوورێکی پڕ خەیاڵی شاری خەما
ژنێ بیرەوەرییەکانی
دەنک دەنک
وەک ملوانک
بۆ گەردەنی کۆرپە هێشتا نەهاتووەکەی پێوە ئەکرد
لە گۆڕەپانی سامناکا
لە ژووری دادگای شارا
کاربەدەستان بۆ ئێعدامی

.خەڵاتیی مەرگیان ئەدووراند
کاتژمێرە فێگرتووەکەی
کاکەی تاوانباریش بەلەز
شەوی ئەشکان
هاتن, هاتن...
قازی, پۆلیس و میرغەزەب هاتن
وتیان: هانێ! ئەوە پێنووس
وەسیەتنامەکەت بنووسە
وتی: دەبێ سڵاو بنێرم بۆ کوێستان
وتیان: نابێ...
ئەویش لە وەسیەتنامەدا
تفەنگەکەی دا بە سبە ی
دارەکەیان لە خەو هەڵسان
,وەنەوزی گۆڕەپان شکا
لە ژووری چۆڵ
تکێ فرمێسک
بە سەر گۆنای ژنی ژانگرتوودا تکا
ئاڵقەی تەناف زریکاندی
تاوانبار چوو بەرەو ئاسمان
هەورەکانی کوێستان جمان
ژنی ژانگرتوو قیژاندی
کۆرپەی سبەی هاتە جیهان

مەکە، مە.. بایەخەیـ عەشق بگرم
بابگلێم، لەخوێنابگەوزێم، جا بمرم

ئەم زامە ناسۆرە، کەم دەستێ تێ وەردە
باهەر داپۆشراو بێ لە دڵما ئەم دەردە

چێ خەمێ دنیایە، لە دڵما وەک پوورە
گاز ئەگرن لە ڕۆحم، خێڵێ ژەنگە سوورە

مەکە، مە... باهەر خۆم بزانم کوێم ئەیشێ
پەتایە تۆش ئەگرێ، بڕۆ مەیە پێشێ

لەگەڵ هەر وشەیەک لە دڵم هەڵئەقوڵێ
دڵۆپێ فرمێسکە بڕوانە چۆن ئەکوڵێ

مەکە، مە... دەس مەدە لە ڕازێ خودایيم
با نەڕمێ قەڵاچەی خەڵوتی تەنیاییم

با نشکێ شەقڵێ ئەم ئازارە شینە
با نەڕژێ یەکجارێ ئەم دەریا ئەسرینە

عەشقێکێ پیرۆزە بانگ ئەکا و ڕۆح ئەچڕێ
گیان وەک دڵۆپێ بۆ دەریا هەڵئەفڕێ

دەریایەک ئارامش ببەخشێ بەتاسەم
بۆ ئەبەد بمرێنێ هەنسک و هەناسەم

مەکە، مە... گیانەکەم، ئیتر من ڕەوتەنیم
دەستم لێ هەڵبگرە، من خەڵکے دنیا نیم

---

## شەهید

کاتێ زانیان
دڵت پاپۆڕی ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەرے خۆشەویستی
دەریاے شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕے
کاتێ زانیان
دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرەو ناخے مێژووے جیهان
دەستے کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایے مەرگ و خوێنا
ئەیبەے بەرەو کۆشے ژیان
پەردەی وەرزے زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕے
کاتێ زانیان
بور کانە دامر کاوەکان ئەخرۆشێنی
بوومەلەرزە خنکاوەکان
لەناو خوێنتا ئەجوێنەوە
نەخشەے جیهان ئەشێوێنی
سنوورەکان لە ژێر پێتا ئەتوێنەوە
وەک بلێسەےکلپەے ئاگر
لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی

هاتن سینگتیان هەڵدڕی
کاتێ زانیان
ناوت بووە بە جوانترین وشەے ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنی
دەنگت بووە بە چەپکە تیشک
شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی
شانت داوە بە ژێر خەمی نیشتمانا و
فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
کاتێ زانیان
کوێستانت کردووە هێلانە
بە شمشاڵی لوولەے تفەنگ
دڵدارەکان بۆ
جێژوانی چیا ئەچڕے
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕے

---

## ڕەجمم بکەن، تاوانبارم

ڕەجمم بکەن، تاوانبارم
سەرم بکەن بە بنچینەے منارەکان
وەرن بمکەن بە حەللاجێ
بۆ سەماے سەر قەنارەتان
تاقە شێعرێکم ناتوانن دەستەمۆ کەن
لە گێژەنے هەستے خۆما نوقمەسارم

ببن بە خوا تووڕتان دەدەم
خوایـ وەکـ ئێوە ناپەرەستم
نابم بە بەرد سەرـ خەڵکم پێ بشکێنن
نابم بەدار بۆ فەلاقە
چقڵی ئێوە قەت ناڕوێ
لە ناو بێستانـ سەد تەرزم
بۆ ئێوە قەت لینی نابێ
خامەـ ڕەنگینـ سەربەرزم
سەختم وێنەـ پۆڵا و ئاسن
شەپۆلێکـ شێت و یاخیم
خەوـ بەندەر ئەشێوێنم
دیلم دەکـن هانێ دەســتم
ئەوەش گەردن هەڵمواسن

---

## هۆ خەڵکینە

چاو کـەنەوە
ئەو هەورانە
هەرچەند سەر لە ئاسمان ئەسوێن
قسرن،
بارانیان پێ نییە
تۆزی بەرپێی
ئەسپـ لەشکەرـ هۆلاکۆن
بڕوا مەکەن
هەرچەند لە ئاو
لەباران و بەهار ئەدوێن

بڕوا مەکەن
تەم و مژے چاو خلّەتێنەے بەرے ئاسۆن
کێلّگە تینوو
هەور نەزۆک
دەریاش سوێرە
ڕێگە دوور و
ئاو تراویلکە
چاوساغ کوێرە
شەو درێژە
ئەنگوستە چاوے نووتەکە
گەردەلوولە،
تەمە
مژە
چاو تا بەر پێ، هەتەر ناکا
ئەو ئەستێرە هانمان دەدا
کاروانکوژە

---

## من دلّدارے کوردستانم

سنوورەکان بشێوێنن
من تامەزرۆے بۆن و تامے نیشتمانم
چۆن هەنگ شەیدامے گولّەباخە
من دلّدارے کوردستانم
من ئەزانم،
بەفر بۆ خوێن

چۆن باوشی ئەکاتەوە
دار بەڕووەکان بە کام تاوان ئەسووتێنن
من ئەزانم
مرۆڤ لەگەڵ بیرے مەرگا چلۆن ئەژے
پەڵەنگ ئاوے ڕق و کینە
لەکام کانیی ئەخواتەوە
من ئەزانم،
تینووەکان چۆن
مەمکەے چیا ئەچەکێنن
کوێستا چۆن خوێن لە ڕوخسارے ئەسڕێتەوە
دڵدارەکان،
بە کام وشە دێنە بەیان
تفەنگ بە کام دەنگ و زمان
سیاچەمانەے کوردەوارے ئەچڕێتەوە
من دڵدارے کوردستانم
من ئەمەوێ
لە شەقامە قۆرخەکان دیاربکرا
شمشاڵ لێدەم
قام و حەیران بخوێنمەوە
لە چوار چرای مەهابادا
هەڵکەم ئاڵاے کوردستان
لە قامیشلے هاوار کەم و
لە گەڵ چینێ کرێکارا
شارے کەرکووک،
بە مان گرتن بژوێنمەوە
سنوورەکان بشێوێنن
کورد بنەڕەتے جیهانے ناو

خۆـے لە چینی دیوارەکاندا پڕووکا
بوو بە خوێن و
د
ڵ
ۆ
پ
د
ڵ
ۆ
پ

بەسەر هەموو دنیا تکا
من_دڵدارـے_کوردستانم
وڵاتەکەم پێدەنەوە
نەخشەـے جیهان بخوێنن و
سنوورەکان
شی کەنەوە

---

## دڵخۆشی

کڵاوم لارە
قەڵەمەکەم
لە بەرامبەر چـے
سوڵتان و فەرمانڕەوا و ..... داگیرکەرە

کڕنۆش نابات
هیچیش وەک ئەو
تفەنگە دەم بە هاوارە
وا لە پەنای قەڵەمێکدا
لە سەر پێیە
منی
ئەویندارے وڵات
دڵخۆش ناکات

---

## کوڕے شاخ

تیژ و تووڕە
وەک خەنجەر بوو
هەتا نەمرد
لە بەرامبەر ئاسمانەوە
سەرے بەرزے نەوے نەکرد
هێندە تامەزرۆے ژیان بوو
بە ناو دڵے مەرگا ئەچوو
کاتێ ناویت لێ ئەپرسی
سەرے شەرمے دائەخست و ئەیوت
یاخیم_کوڕے_شاخم
قەقنەسے ناو خوڵەمێشی
دیرۆکے سووتاوے کوردم
چۆڕاوے زامێکے قووڵم
داخم،

دەردم
سۆزم
ئاخم
وشەے سەرۆک وەک درِک بوو
هەستےپاکے بریندار ئەکرد
زکے سەرۆک
مەشکەیەکے پڕ لە درۆ
پڕ لە فێڵ و
پڕ لە فیز و
پڕ لە با بوو
شڵقەے ئەهات
عەقڵی پیاوے ساویلکەے لە خشتە ئەبرد
ئەم وەک خەنجەر
ئەچەقیە ناو
تەک و پووز و سینگیانەوە
کاتێ قسەے قۆڕیان ئەکرد
هەروەکـ دووپشک
ئەیدا بەناو زاریانەوە
گیرفانیانی دەپشکنی
ڕازەکانیانی ئەدرکاند
وەک تانە بوو
بەسەر گلێنەے چاویانەوە
کاتێ کوژرا
بوو بە شەهید
خوێنێ بوو بە دەریاے مەنگ و ئێستا سەرۆک
لە کەنارے دەریاے خوێن و لە ژێر سایەی ناوے ئەوا
عومرے خۆیان بەسەر ئەبەن

کێڵی بەرزی گۆڕەکەیشی
سەنگەرێکە
سەرۆکەشۆڕشگێڕەکان
لە پشتیەوە
بەرەو ڕووی خەڵک
دەسرێژ ئەکەن

---

## من شاعرم

و التزام، شعار من است
و تاکنون
چهل و شش بار
کتاب‌ِدن کیشوت را خوانده‌ام...
به نجات بشریت،
می خواهم
باتفنگ ساخت کارخانەی بیک
و رگبار واژگان
دنیا را فتح کنم
در خانەی ما،
مادرم می تواند
سجاده‌اش را
زیر بوته‌های گل محمدی بگستراند
و دست در دست پدر،
سفر کند به عنصر بسیط خویش
برادرم هر روز
در اطراف کمون پاریس

با خواهرم قرار ملاقات دارد
من تنهایم
بر اسبی لاغر سوار،
در جاده‌ای که یک امتداد مبهم است!
بی اعتنا می گذرم
از حوالی قلب مطمئن پدر و مادرم
از لیز خوردن دوستانم
در شانزه‌لیزه ترسیده
در کوره‌راه‌های شرق دور گم گشته‌ام
و تاخت میزنم به راه
به قصد ثبتِ حماسه‌ای، اما... دریغ
در سرزمین ما
یک اسیاب بادی هم پیدا نمی شود
و.......
بنابر انچه رفت
در خانه‌ے ما،
یکاتفاق در شرف تکوین
است

---

## ئێوارەے غەریبستان

ئێواران غەم دێت و لە دەرکە دەدا، لە پەنجەرەوە هەڵدێم
دەڕۆم خۆم لە نێو شووشەے بادەدا بشارمەوە
کەچی دەبینم غەم پێش لە من لەسەر کورسیی بەرامبەرم دانیشتووە و چەمەڕایە
دەست لە ملم دەکا و دەڵێ:
دڵنیا بە، من وەک شادی بێ وەفا نیم

هەرلە یەکەم ڕۆژی ژیانتەوە
لەگەڵتدا بوومە و هەتا دواڕۆژ بە جێت ناهێڵم
هەڵدەستێ و ڕۆ دەچێتە نێو شووشەی بادەکەوە
دەیخۆمەوە و تک
تک
لە چاوەکانمەوە دادەچۆڕێ و دیسان دەگەڕێتەوە لام و بە
رامبەرم دادەنیشم
ئێواران دڵم پڕ خورپەتر و
چکۆلەتر
.لە دڵی پەڕەسێلکە کۆچەرییەکانە
شەقامە قەرەباڵغەکانێ هەولێر پڕن لە تەنیایی و
"مەچکۆ"ش تەژێ لە ڕیا و قسەێ پشتە ملەیە؟
ئێواران نازانم سەرم بۆ کامە شوێن هەڵبگرم، نەختێ لەم غەریبستانە دوورم بکاتەوە
مەیخانەکانیش
لێوانلێوی خەم و فرمێسکن
ئێواران هەموو غەریبەکان دێن و لە بەرامبەر شێخی بادەدا پرچ و قژی خەمە درێژ و پرش
و بڵاوەکانیان دەکەنەوە و کوورەێ زیکرێکێ پڕ لە جەزم دەبستن
ئێواران، سوارێ تاکسێکێ تیژپا دەبم و بە قاچاخەڕێیەکانا لە سنووره
دەستکردەکان دەپەڕێمەوە و
لە پڕ باوەش بە خۆشەویستەکانمدا دەکەم و پرمەێ گریان بەر بێنگم لێ دەگرێ
ئەگەر "ئیسماعیل بەرزەنجێ" جڵەوەێ ئەسپەکە نەگرێ و دەنگم نەدا.... ئاخ
ئاخ ئیسماعیل بەرزەنجی ...
ئەسپەکە سڵ دەکا و دەمگلێنێ و دەبینم
لە باخچەێ مەیخانەیەکدا دانیشتووم و گەیشتوومە سنوورێ دوایین پێک.

---

## میرات

من یادگاری ئەو عەشیرەتەم
لە سەرسینگی ژین
گوڵیان بە هەودای خوێن تەقەڵ داوە
ئێستا من بەڵام
لە دەستمدا قەڵەم
شیوەن ئەکات
و
بڕنەوە کورتە بزمارڕێژەکەی
باوکم لە مێژە
سەرەونخوونە و
بە دیوارێکا لە خاچ دراوە.

---

## سەفەرێکی نەهات

بەرەو کوێستان ئەهاتمەوە
جانتام پڕ بوو لە ئاوات و حەز و تاسە
هێندە تینوو
هێندە تامەزرۆی دیدار بووم
دەمەویست بەفری ساڵی نەهات
بتوێنمەوە بە هەناسە
بۆ لای کاڵێ ئەهاتمەوە
عەشقی قەڵای بەرزی هەست و
دڵی منیش
کۆترە برجیلەی ماڵی بوو
کاڵێ ڕۆحی سەوزی دەشت و

چاوـے گوند و
هێزـے عەشق و
گەورەتر لە " عەنبەر خاتوونـے " (مەولانا) و
جوانتر لە "خاتوو حەبیبە"ـے دیوانـے شێعرـے "نالـے" بوو!
دێر هاتمەوە، دێر هاتمەوە
کوێستان چۆڵ بوو...
چاوـے ئاسمان، لێڵ ئەیڕوانـے
جێژوانەکەـے جاران بۆنـے
خەمێکـے زەردـے لێ ئەهات
پڕ لە چقڵ و خاک و خۆڵ بوو
ئیتر دنیا ڕەش ئەنوێنێ
لە ناو دڵما کەوـے تەنیای شێعر دڵتەنگ
دڵتەنگ، دڵتەنگتر لە کوێستان
سیاوچەمانەـے فرمێسک و خوێن
ئەچریکێنێ

---

گۆشەـے زیندان بوو بە گۆڕخانە ژینم
پڕووکاوم نە گۆڕ ماوە نەتینم
لەیاد چووم و وەک غەریب و نەناسێ
نە نامەیی ، نەهەواڵێ ، نە باسێ
لە بیر چووم و خۆشەویستان ناپرسن
لە هاوار و قرچەـے دڵم ناترسن
خۆشەویستم، ئۆقرەـے دڵم ، ئەوینم
ڕۆحم ، گیانم شیلەـے شیرینی ژینم
وەک بێگانە ئێستا لە من دەڕوانێ
چیم لێ هات و چیم بەسەرهات نازانێ

لە فەراقیا ئەوەندە من گریاوم
بوو بە کانی فرمێسک و خوێن دووچاوم
میلە و ئاسن چوار تەنیشتی تەنیوم
وەکوو دیارە لە ژیاندا، بەزیوم
خوایە نەکەے کەسێکی تر وەک من بێ
"لە دڵ ئەڕوا، ئەوەے لەدیدە ون بێ"
جاران شەمعے بەزمی شادیی یاران بووم
بۆ تینووان، لێو شەقاران، باران بووم
چاوکەے شێعرم لە زوڵفی یار ئەنەخشان
دنیام ئەخستە لەرزە من بە پەخشان
نەیار بە شێعرەکانم نەیدە وێرا
وەک ڕێوے ڕای ئەکرد لە ترسی شێرا
ئێستا لێرە داماوم و بە تەنیا
نیە کەسێ لێم بپرسی لە دونیا
داخی خەمیان هێندە چزان بە جەرگا
**"لەعەزرەتا باوەش ئەکەم بە سەرگا"

---

## چەنگی شکاو

ئەزانے بۆ وا لاواز و بێرەنگم
زیڕم ، بەڵام ئەسیرے پەنجەے ژەنگم
بێ پەروام و لە نێو دەریاے ئەوینا
دەنرکێنێ دڵەے وەکوو نەهەنگم
وەک پەروانەم لە نێو گڕے فیراقا
هەڵئەقرچێم ، ئەسووتێم و بێ دەنگم
هەر ئەکوڵێم و ئەجۆشێم و ئەسووتێم

تۆ ڕۆژ و من دڵۆپەیەک ئاوەنگم
من ئاوارەی ناوچە و مەڵبەندی عەشقم
دەس بە یەخەی فیراقم و لە جەنگم
تۆ وڵاتی ئەوین و پڕ لە ڕازی
من شەهید و کوژراوی ژاو و ژەنگم
مەمتارێنە و مەمنێرە بۆ غەریبی
من هەر لە نیشتمانی خۆم بە سەنگم
خەزەڵوەری ژیانە، من بەڵام هەر
بولبولی عاشقی گوڵی قەشەنگم
هەر ئەخوێنم بە دڵ بۆ جوانی
هەرچەندە پیرم و شکاوە چەنگم

---

## درۆ

بەئەم هەورە قسرە
نە ئاسمان ئەزێت و
نە قاقڕ بە شینکە ئەخەملێ
گوڵم! وا مەنۆڕە
لە نیسێ بە ئەو لاوە نینە
تریشقەش ئەگەر بێ
وەکوو دەوڵە، بەس دەنگە، بۆشە
ئەمن شەو نەخەوتم
هەتا ژوانی پیلان
لە سەرتە و چپەی گەردەلوول و هەور تێگەیشتم
دژی خاک ئەدوان
گوڵم وا مەنۆڕە
درۆیە، فریوێکی نوێیە

لەچاویان وەشێرە
چ بۆن و بەرامەت لە کۆشە

---

زیندانێ
لە نێو تاکەکەسییە تەنگەکەمدا
هەڵکـــور ماوم
کارەساتێک بەڕێوەیە
لەو دیو دیوار
وەردیانەکەم ڕاوستاوە
دەلاقەیەکێ بچکۆڵە
لەسەر سینگێ دەرکە کەیە و
داخراوە
کـۆترە باریـکـەێ خەیاڵم
تامەزرۆیە، هەڵفڕێت تا

پەڕەڕووچکـەێ ئاسمانێ
کاکێ بە کاکێ
جار بە جارێ
وەردیانەکەم
دەلاقەکە دەکاتەوە و
لێم دەڕوانێ
ئەو تاریکێ دەبینێت و من
ڕووناکێ

---

## ئاواتێک

ئاخۆ دەبێ
ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی،

دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن
سلێمانی
سلێمانی

---

## هێلانەے من

**-1-**

هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەے دارستانے هەست و شێعرم
چۆن بێمەوە؟
ئەم گێژاوە دەمخنکێنێ
لەم لێمشتە سامناکە چۆن بپەڕمەوە؟
گەر بتەوێ
دڵت ئەکەے بە پردێک و نەک
هەر لافاو
شەپۆلی گشت زەریاکانیش لەغاو ئەکەے
کە هاتیەوە
عارقەے نێو چاوانت بە قژو کەزے ئەسڕمەوە

**-2-**

هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەے دارستانے هەست و شێعرم
چۆن بێمەوە؟
لە نێوانے من و تۆدا
شمشێرێکەو
خوێنے هەزار ئەویندارے لێ دەچۆڕێ
شمشێر کولە و ئەوین تیژە
بە بڵێسەے ئاگرے دڵ
ئەم شمشێرە بتوێنەوە
ئەویندارى ڕاستەقینە
لە بەرانبەر هیچ کۆسپێکا
دڵ ناگۆڕێ

-3-

هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەے دارستانى هەست و شێعرم
چۆن بێمەوە؟
تا چاو بڕ کات
هەر بڵێسە و کڵپەے ئاگر
بەرەو ئاسمان هەڵئەچێت و
دووکەڵ دنیاے داپۆشیوە
دڵم نەماوە حەجمێنى
ئاگر بە ئاو دائەمرکێ
دەبێ لە کوورەے ئەوینا
ببى بە ئاو
بەرەو ئاسمان هەڵکێشیت و
وەک هەور بە سەر
چەڕە دوورے ئەم گڕکانەدا،
داباریت و سینگە سووتاوەکەے

من و زەوینی خوا
بخەملێنی

-4-

هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەی دارستانی هەست و شێعرم
چۆن بێمەوە؟
تا لەم شەوە کش و مات و گورگە ناوە،
چەواشەم و نازانم چۆن
بت بینمەوە؟
گەر ئەتەوێ
لەگەڵ منا ئاوێتە بیت و هەر بژیت
گیانت بکە بە گرینگ و
سامانی شەو بسووتێنە
بۆ ئەم ساماڵە تاریکە، ببە بە ڕۆڵەی تاقانە
ئەگەر تیری هەوری چڵکنیش پێکاتی
ئەوسا ئیتر، دێیەوە بۆ باوەش من و
سینگم ئەکەی بە هێلانە

---

ئاکتۆرەکان
بەپێی شانۆ، لەسەر میرات
یەکتر بکوژن
ماوەیەک بوو
هەموو شەوێ
کارەساتی براکوژی

دووپات ئەبوو
پاڵەوانی شانۆ هەستا
بە پێچەوانەی ڕێژیسۆر
بەرەولاے چەپ کەوتە ڕێگە
هاواریان کرد...
شانۆ نامەکە تێک مەدە
بەرەولاے ڕاست بگەڕێوە
لە پشتەوە پەلامارے براکەت بە
پاڵەوانی شانۆ بەڵام
دەستی دایە تفەنگەکەے
بەدەست و برد
ماوەی نقەے بە کەس نەدا
بەرەو شانۆنووس و کارگێڕ
دەسڕێژے کرد.

---

کەنیشکە_ئۆغر_بێ

بۆ کۆچە سوورەکەے ژیلا
بەرانبەر ئاوێنە ڕاوەستا
دوو پەلکە شۆڕەکەے کردەوە
کراسێکے سپے ئاودامانے لەبەر کرد
مەلێکے غەریب لە دوورەوە ناڵاندے
ئەم ڕاے کرد
پەنجەرەے کردەوە
باڵندەے ڕۆحے لە ناو ڕکەے جەستەیدا زریکاندے
دیوانە شێعرەکەے هەڵگرت و
ئاخێکے هەڵکێشا

وەک بڵێی ئاخرین دیدارە
دڵۆپێ فرمێسکێ هەڵڕشت و
لاپەڕە لاپەڕە هەمووێ دا دەم باوە
چێ واژەێ شێعر بوو، هەڵفڕین
وەک پۆلە کۆترێ ئاوارە
ئەسپێکێ سپێ لە بەر دەرکە حیلاندێ
هەزاران پەپوولە
گەمارۆێ سەریان دا
وەک پۆلێ پەرییان
خاتووزین بەڕێ کەن، بۆ لای مەم
کەنیشکێ خواێ جوانێ
باڵندەێ ڕۆحێ لە ناو ڕکەێ دەروونیا
بۆ ئاسمان ئەیڕوانێ
کەنیشکە ئۆغر بێ
ئەم ئەسپە سەر شێتە و
ڕێگەێ کۆچ بێ بەختە
سەبر کە با سێبەر بێتەوە ، ناوەختە
نا، دەبێ هەر بڕۆم-
ئیتر لای ئێوە خۆش
دڵدارم لە دوایین ژوانگەدا
چاوەڕێی من دەکا
گیانەکەم
ئاخر بۆ وا بێدەنگ؟
لە دواێ تۆ، کێ دەستێ دایکانە
بە سەر ئەم شێعرانا دەهێنێ
بە بایان ئەسپێرم
با زەوێ پڕ بکەن

لە وشەے ڕەنگاوڕەنگ
کەنیشکە
بۆ هێندە بە پەلەے ؟
نەختێتر دانیشە لە لامان
با تێر ـ تێر بتبینین
تاسەمان هێشتا لێت نەشکاوە
ئەزانم دڵت لەم دنیایە بێزارە
دەروونت لە نیشی دووپشکے وڵاتے ئەوینکوژ زامدارە
زۆر تیرے تانەت لێدراوە
بەڵام ئەے شاگوڵے باخے ژین
نەختێ تر دانیشە
هەتاکوو ئێوارە زۆر ماوە
خەزان زۆر ناکێشێ
وەرزێ تر بەهارە
بەجێمان مەهێڵە...
تۆ تامی ژیان و نمەکی زەوینے
لە دواے تۆ بەرەو کام ڕووگەے عەشق ڕاوەستین
تۆ قیبلەے ئەوینے.

---

## سوار بوو...

سوار بوو
"ئەی هەرەس بە ماڵم"
هەورەکان لێک ئاڵان
ئاسمان دەستے بە گریان کرد
چی دار ئەرخەوان بوو
لە سۆزے ئەم کۆچە

قژ خۆیان هەڵڕنے
گەلایان لە باڵا هەڵوەران
کۆڕژنے ئەسپەشێ
زەوینے ڕاچڵەکان
هەناسە لە سینگے زەمانا، حەپەسا
هەزاران پەپوولە
شەم"یان بۆ جێژوانے "دێوانە" ئەبرد و ئەگریان"
"ئەے هەرەس بەماڵم"
ئەسپەشێ گلاندے
زاواے مەرگ...
ئامێزے کردەوە
دوا بزەے شیرینے
وەک دوایین هۆنراوەے
زەوینے خەنے کرد
کەژاوەے خواے ئەوین، هاتە خوار
تەرمەکەے لە ئاخڵەے تیشک پێچا و
کەنیشکە غەریبە جوانەکەے
بردەوە

---

بۆ ئیمپراتوورے شێعر
مامۆستا شێرکۆ بێکەس

وتیان کاکە
وشەے تفەنگ
ڕەقە، زەقە، ناهەموارە
بەر هەڵستے گەشە و نەشەے شێعرەکانتە

شانێ شێعرت
بەو بۆنەوە بریندارە
ئەێ من چ بکەم؟
نەخشەێ گەورەێ وڵاتەکەم
تفەنگێکە و
بتانەوێ و نەتانەوێ
لە ناو هەموو نووسراوەکانما دیارە
وتیان چیا زۆر سەرکەشە
لە ناو شێعرێکێ پەسەند و ڕێک و پێکدا
ناشرینە قوت بێتەوە
ئەێ من چ بکەم؟
نیشتمانم کوێستانێکە و
هەرچەند ئەکەم
وشەێ چیا
لە ناو دێڕ و کرت و ڕستێ شێعرکانما ناچێتەوە
وتیان ئەێ خوێن
خۆ ئیتر خوێن
پێویست ناکا
لە ناو شێعرا خۆی بنوێنێ
ئەێ من چ بکەم؟
نیشتمانم دەریاێ خوێنە
ڕەنگێ خوێن لە دڵۆپی خوێن بسڕمەوە
چێ دەمێنێ؟
بتانەوێ و نەتانەوێ
وشەێ شێعرێ من هەر خوێنە
پێتان دەڵێم
شاعیرانێ وڵاتەکەم! پێتان دەڵێم

سەرے شێعرے بێ چەک دەبڕن
شێعرے بێ خوێن
زەرد و بێ هێز و لاوازە
شێعرے چیاے تێدا نەبێ
ڕگی دەدڕن
پێتان دەڵێم
بۆیە شێعرم خوێناوییە و
سوورە ڕەنگم
من شاعیرے نیشتمانے خوێن و کوێستان و تفەنگم

---

لێت پرسیوم چۆنم لەم بەندیخانە
خەم دەخۆم و ئازار دەچێژم گیانە
ئازاری ئەم گۆڕیچکە
نەیبەزاندووم
لە حەژمەتی فەراقی تۆیە ماندووم
بۆ هەر لایێ ئەسپی خەیاڵ دەئاژۆم
هەر ڕوو لە تۆ دەکا دڵەی خەماژۆم
پەریی چاوی تۆ دەستی لێ وەشاندووم
شێتی کردووم و تۆی لە دڵ نەخشاندووم
هەر چەندە من هەڵۆی ئەشکەستە باڵم
هێشتا بەسەر ئاقاری خۆما زاڵم
وەک قەندیل و هەڵگورد و پیرەمەگروون
سەری بەرزم دانانوێ بۆ گەردوون
لەوەتی تۆ بووی بە یار و گراوم

بە زنجیری ئەوین شەتەک دراوم
ئەی کەنیشکە جوانەکەی خوای دڵداری
شاکاری پڕ لە نەخش و وردەکاری
زامی ناسۆری ئەم دڵە خەم ڕێژە
بە هەتوانی ماچێکی تۆ سارێژە

---

درەختی هەورەکان دەشەکێنێتەوە
چاوێ هیچ شاخەیەک ناترووکێ
دارەکان گشت قسرن
خێڵێ هەنگ
خۆیان بە شەکر و میو گردوو
لە مێژە ئاوبارەێ ئەوینێ دار و گوڵ
زەڕگەتە، خوار و ژوور
چوار دەورێ ژوانگەیان تەنیوە
ڕەشە با کۆچێ بە عەشیرەێ پەپوولە کردووە
هەیاران
سیاساڵ و باران
درەختێ خەمەکان دەشەکێنێتەوە
پەڕ و پۆێ پەپوولە دەبارێ
شەق دەبێ دڵێ گوڵ خەندەران

---

## تاسە

خۆشەویستم
زۆر لەمێژە تاسەی دووریت وەک دڵۆپێ فرمێسک
لەناو گلێنەے چاوما قەتیس ماوە
هەورے ئازار بەسەر کێڵگەے تینووے
دڵما پرچے ڕەشے خەم و زووخاوے هەڵاوە
خۆشەویستم
تاسەے دووریت بوو بە تفەنگ
دەستے لە مل چیا کرد و نەهاتەوە
تاسەے دووریت بوو بە خەیاڵ
ڕۆیے دەرگاے سنوورەکان بکاتەوە
تاسەے دووریت بوو بە هەللاج
سێدارەے کرد بە جێژوانے دڵدارے و ماچ
خۆشەویستم
لە نێوانے من و تۆدا دەریاے ئاور شەپۆل ئەدا
سنوور وەک سەگ ئەلوورێنێ قەپ بە پاژنەے قاچا ئەکا
هەنگاو بە هەنگاو تێمانە
بەڵام من ئەو ئەویندارەم لە ناو خوێنا ئەژیمەوە
شەقڵے سنووریان ئەشکێنم بە حەیران سیاچەمانە
خۆشەویستم
باسے دڵدارے من و تۆ دنیاے گرت و
هێشتا ئێمە لەیەک دووریـن
باسے دڵدارے من و تۆ چاوے مێژووی
کردە کانے فرمێسک و خوێن
هێشتا ئێمە سەدە و ساڵ و مانگ ئەژمێرین
خۆشەویستم

تۆ ڕێ کەوە من هەوڵ ئەدەم با بە یەکتر بگەینەوە
تۆ بانگم کە من پڕبە دەم هاوار ئەکەم
وەڵام یەکتر بدەینەوە...
قەف قەف زەنجیر سنوورەکان بپچڕین و
ئەو هێلانە شێواوەمان بکەینەوە بە کوردستان
ئەو هێلانە شێواوەمان بکەینەوە بە نیشتیمان.

---

تۆیان کوشت دەستیان شکێ،
بەهێزترین ئەستووندەکی تاوڵی مرادی کورد شکا
کە تۆیان کوشت چاویان کوێر بێ،
گشت کوردستان زریکاندی
کە تۆیان کوشت کۆستیان کەوێ،
گڕ کەوتە خەرمانی کورد
هەتا بۆی کرا سووتاندی
جرجە مشکی خاوەن گەرای شوومی تاعوون،
و ایانزانی ئیدی دەریا،
تەنانەت یەک هەناسەش وێی ناکەوێ
تا وەخرۆش کەوێتەوە.
وایانزانی ئەوی چوو چوو
نا یەتەوە،
نەیانزانی گڕکان دوای دامرکانیشی
سەرلەنوێ گڕ دەگرێتەوە
کوردستانیان نەناسیبوو،
نەیانزانی کوردستان گشتی گڕکانە

لە نێو دڵی زامداری دا ژانەکانی هەڵدەگرێ،
پەنگ بە خەفەتەکان دەدا،
فرمێسکەکان دەخواتەوە،
جارجار خۆی رادەچڵەکێنیو هەرمانی خۆی دەسەلمێنێ
بە ئاگری یادی شەمە کوژراوەکان هەر دەکوڵێ،
هەر دەکوڵێ هەتا هێندەی
باڵای بەرزی سەربەرزیی سەردارەکانی گڕدەگرێ

### کوردستان

کاتێ پێنووسے چارەنووس
کەوتە گەڕان
لە دواے ئەوەے
نەخشەے عەرد و دنیای نەخشان
کە گەیشتە لاے خۆرهەڵاتے نێوەڕاست....
لە سەر خاڵێک
ساتێ ڕاما
نازانم بۆ...
کەوتە لەرزین
دڵے شکا
چاوے تۆقے
دڵۆپێ خوێن
بە سەر ئەو خاەدا تکا
خێرا هاتن،

دەوریان تەنی
شەقڵیان کرد
بە پەرژین و моوورد و تێمان
گەڕان، ناوێک بدۆزنەوە
فرمێسکی چاوی گەردوونی
تیا بگونجێ
ئێنجا هاتن
ناوی ئەو خاڵە سوورەیان
نا،
کــــوردســـــــتان

---

هەزارانساڵم تەمەن پێویستە
وەسفی قامەتی بەرز و
تەژی لە ڕەمز و ڕازت کەم
بەڵام داخەکەم
کالیسکەی زەمان
بە هەشتاو دێت و
توند توند ڕادەبرێ
لەم ماوە کورتەی تەمەندا تەنیا
دەتوانم وەسفی
نیم نیگای شوخی پڕ لە نازت کەم

---

## شێعرێ تازە

کورەکانێ هۆلاکۆخان
کاتێ بە سەر شێعرەکانما
نەوتیان پژان
بوو بە جێژنێ وشە کوژان
مارێ قامچێ دەمێ نابووە کانیێ خوێنم
کەڵبەێ کەلەبچە وەک چەقەڵ
دەستێ هونەرمێ، ئەکرۆژا
شقارتەیان داگیرساند و
بوو بە قاقا و چەپڵەرێزان
هاوارم کرد
من شاعیرێ چەوساوانم
هەزار کوانووێ پڕ لە ئاگر
شێعرەکانم ناسووتێنێ
گۆمێ گەندەڵ کەێ ئەتوانێ
چیاێ هاوار لە ناو خۆیا بخنکێنێ
هەر لەو کاتا شێعرەکانم
لەناو گڕدا هەڵئەقرچان
دەستی مێشکم
لە ناو هێڵێ توورەێ دڵما
وشەێ شێعرێ تازەێ ئەچان

## ڕایەخێکیان بۆ ڕاخستم

قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم
وتیان: بنووسە شەوەزەنگ
لەم وڵاتە سروشتیە
بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو و دەمار ئەگرێ
ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە
عومری باڵندەی بەرزەفڕ
کورتە بە قەد تەمەنی گوڵ
هەر زوو ئەمرێ
وتیان بنووسە ئاسمان،
قەلەمڕەوی یاسای داڵە
ئەوین چیای یاخی بوونە
بۆنی گوڵ و بوونی ڕۆژ و پەڕپەڕوچکەی ئاسمانی بەرز،
خەونە، خولیایە، خەیاڵە
وتیان بنووسە یاسای داڵ، یاسای خوایە
چی باڵندە و پەلەوەرن، بێ سام و سڵ،
هەتا بن میچی ئەو ڕکەی تێیدا دەژین،
دەتوانن دەنگیان هەڵبڕن
ناوبەناویش بە سرتەسرت،
قام و حەیران بۆ دڵ بچڕن
ئەتوانن لە شەقەی باڵ دەن،
تا بەر دەرکی قەفەز بفڕن
لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم
بەخوێناوی بولبولێکی کوژراو
نووسیم
ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە
نووسیم

ئەوین یاسای بێ خەوشی دڵدارە :نووسیم
گوڵ و ئاسمان وئازادی
قانوونیخوای ئەویندارە




- «چەواشە»

لەنێوانی ئاو و ئاگر

وەک بۆشایی مەودای

دوو هاواری خنکاو ڕاوەستاوین

ڕێنەناس و وڕ و کاسین

لەنێوانی مەرگ و بەندەر ڕاوەستاوین

لە دوو لاوە

تۆفان

سێڵاو هێرش دێنی

بەڵام ئێمە ئاو ناناسین

---

## • «غەڵبەغەڵبی ژیان»

دەنگی مۆریانەی مەرگ

کە لە دەروونمدا

تۆزقاڵ تۆزقاڵ

جەستەم دەجوێ، دەخنکێنێ!

ئاخ!

لەم پەنجەرە ڕووناکەوە

ئەودیوی تاریکی حەقیقەت

دیار نیە

کەس نازانێ

لە پشت ئەم زەردە خەنە گەمژانەوە

پڕاو پڕی چەند گۆڕستان

فرمێسک تێدا قەتیس ماوە!

ئاخ!

گەر بزانی

ئەم ئاقارە بە ڕواڵەت هێمنە

تەقینەوەی بۆمبی چە مەرگەساتێکی ژاناوی

دەیشڵەژێنێ!

ئەوەی چاک و خۆشیم لە گەڵ دەکا

بەجەفت

ئیهانەم دەکات و

وەک وایە

سێوێک لە سێوێکی تر بپرسێ

ئەی قوربان!

ئەحواڵی کرمە نازەنینەکانی لەشی موبارکتان چۆنە؟!

---

- **مامۆستا مەلەکشا**

وەک دوو پەنجەرەی بەرامبەر یەک بووین

غافڵ لە دەور و سووڕی فەڵەک بووین

هەموو ڕۆژ سڵاو، پرسیار، پێکەنین

قەرار و وادەی ژوانێکی شیرین

عومری عەشق کورتە چەغار سەد چەغار

وەک شەوی پووشپەڕ ڕۆژی بەفرانبار

ئێستا دڵی من خەستە و شکاوە

لە دوو پەنجەرە، یەکیان بەستراوە

نە خەتای ڕۆژ و نە مانگ جادووی کرد

لەعنەت لە سەفەر هەرچی کرد، وی کرد

وەرگێڕانی شێعرێکی

ئەخەوان سالیس

---

- **«بێقەرار»**

زۆر هەوڵ ئەدەم

ڕەمزی ئەوین لە نێو دڵما بشارمەوە؛

نەکا لە پڕ ئەوین کوژێ،

شوێن پێی ئاسکی سڵی دەشتی

خەیاڵ هەڵ کات.

خامەی یاخی ئوقرە ناگرێ

ڕازەکانم ئەدرکێنێ.

بێقەرارم!

وەک مۆم لە نێو ئاگردانی ئەوینێکا هەڵکورماوم.

تۆ دەریامی!

منیش زامێکی ناسۆرم

تینووی قومێ،

تنۆکەیێ،

چۆڕێ ئاوم.

---

- «سزای دڵداری»

زات ناکەم رازی دڵ بدرکێنم!

سەگی ئەم شارە...

لانگیرە،بۆنی دڵ ودەم ئەکا

سەگی ئەم شارە...

نەک تەنیا گۆشت وئێسک و خوێنی دڵ

تەنانەت شیعر و گۆرانی ئەخوا!

زات ناکەم بڵێم

چەندم خۆش ئەوێی!

زیتەی چاوی گورگ

لەم گورگە ناوە

زات ئەتوقێنێ

لە سەرانسەری ئەم وەرزە تاڵ و زەرد وژاکاوە

بۆ حەشاردانی گوڵی هەستی خۆم

شک نابەم شوێنێ

زات ناکەم رازی دڵ بدرکێنم!

---

## • «چاوی گورگ»

کە خۆم ناسی

دنیا شەو بوو

شەوێکی چڕ، تاریک.... تاریک!

تیشکێکی دوور

لە ئەو پەڕی ئاسۆی دووری ژیانمەوە

وەکوو مەشخەڵ داگیرسا بوو

بەڵام ڕێگا

پڕ لە کۆسپ و کەندەڵان بوو

ئاستەنگێکی دوور و باریک!

تیشکی هیوا گرشەی ئەهات

بۆ لای خۆی بانگی ئەکردم

ڕایدەکێشام

هێزی ئەدا بە هەنگاوم

بیر و ئەندێشەی ئەبردم!

ساڵە های ساڵ

بە قەد ساڵەکانی عومرم

ڕێگام بڕی

گۆچانی ئاسنم شکاند

سەد پێڵاوی پۆڵام دڕی

هەر هەنگاوێ، زامێکی قووڵ

ڕێگا هەموو ژان و بڕک بوو

هێزی هیوا بەرەو ئامانجی ئەبردم

گەیشتم و دڵ پڕ لەحەز،

ئاوات،

تاسە

لە خوێن گەوزاو

ماندوو، بێ هێز

ئەژنۆ شکاو

ئامێزم بۆ تیشک کردەوە

بەڵام ئەفسووس،

ئەفسووس،

ئەفسووس

ئەو مەشخەڵە چاوی گورگ بوو!

---

- **«دەرفەت»**

من زۆر لە غەریبی دەترسم

وەرە با باوەشت بکەم بە نیشتمان

بە وەرزی زریاندا ڕەت دەبم

هەتا دێم هەستمەوە

شەپۆلێ بەسەرما دەڕووخێ

ئەمخاتە گێژەنی بێ ئامان!

هەتا چاو بڕ ئەکات

شەپۆل و گێژاوە

دەست کورتتر لەوەم کـــــە

لە پاپۆڕ دانیشم

بەلەمێ هیواشم شکاوە!

وەرە وەک بەندەرێ

ئامێزت بکە بە لەنگەرم

تەنیایی دەستڕێژم لێ ئەکات

من زۆر لە غەریبی دەترسم

بانگم کــــــە!

با ئەوین بکەم بە سەنگەرم

شکاوە،

شکـــــــاوە.....

بەلەمی نەجاتم شکاوە

من بۆنی هەڵۆ

لە هەناسەی بای زریان

دەبیستم

وادیارە بۆ کۆتر

دەرفەتێ نەماوە

## • لاچۆ لاچۆ لە بەرچاوم بۆگەن!

قەت نەمدیوە خائێن بە خۆ

بیژگە هۆرەی سپڵەی وەک تۆ

تفی لێکرد ...

بە شەپان و بە تێهەڵدان

فڕێی دایە نێو زبڵدان!

ئەوان چوون و ...

دوای شینگێڕی دارە پیرە

مقۆ مقۆ کەوتە چیا...

باڵندەکان ،هەواڵێکیان بۆ یەکەبرد!

پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد!

وتم: چییە ؟

چ قەوماوە؟

لە دوای مەرگی دارە پیرە

جگە خوێن و ئەشک و ماتەم

چیمان ماوە؟

وتیان :نابێبیدرکێنین

نهێنی و ڕەمز و ڕازە

کاتێ چوومە سەر مەزاری دارە پیرە

بە چاوی خۆم ئەوەم بینی

گۆپکە و چووزەی چەتری تازە!

---

- ئاخ باران!

کەی دەبێتە لێزمە بارانێ

چی کەلاکی بۆگەنیوی خاکپەروەر

لەم زەوینە ڕۆح کوژەی بەدناوە ڕامالێ

هەر درۆ دەڕوێ

خێڵی گوڵ کەوتوونە بەر شەللاخی باهۆز و

هەرچی شیناوەردە، ژاکاوە

خاک لانەی مار و دووپشکە

ئاسمانیش قۆرخی دالە

ئاخ باران!

کەی دەبێتە لێزمە بارانێ

گیانی تازە

خاتە بەر ئەم ژینە گنخاوە!!

## • «سوارۆ»

لە سەر یاڵی قۆناخ

برووسکەی پزیسکی ناڵ و بەردە

کە وەحشەت ئەخاتە دڵی دۆڵی مێژوو!

خەوی زیندەوەر ڕادەچێنێ

فریوەی سوار و پرمەی کەحیل

وە زرمەی لە یەکدانی تاوێر و قرمەی هەرەس!

شەڕی گاشە بەرد و سمی ئەسپە

لەم درەنگانە وەختە.

سوارۆ گڕێکە کە شەو ڕادەماڵێ

سوارۆ شەمێکە کە سێبەر سەر ئەبڕێ

سوارۆ سەمای عیشق و خوێنە

سوارۆ پەیامی بەهارە

سوارۆ چرۆی بەر بەرۆکی ژیان و گڵووکی ئەوینە

خودایە! ئەگەر ئەم سوارە

نەگاتە بنار

دڵی ڕادەوستێ لە لێدان و خورپە

گوڵی سووری سەر تۆپ

کە ئاوی دراوە بە ئەسرینی چاوی هەزاران هەزار!

شەوێکی دزێوە

بە قەد چۆمی سیروان بەری پێوە ماوە

هەتا تیشک هاوێژ

زگی هەڵمساوە بە پیلانی ناحەز، دەڵێی ئاوسە

خودایە! ئەترسم لە پزدانی ئەم قەحبە، زۆڵێک

لە پڕ دەرپەڕێت و

ژوان بێتە ژان و ژوانگە مەزار!

---

- «بریا»

بریا من وەکوو پەپولە بایام،

دەم لە ناو دەمی گوڵێکی سووردا

سەر مەست

لە شیلەی ئەوین دەمردم.

کیژۆڵەیەکی شۆخ و نازەنین

لە نێو دەفتەری بیرەوەریدا

وشکی دەکردم.

---

## • من سنوور ناناسم

کێ مافی داوە بەم جەردانە

ئاسمان و زەوین و دەریاکان دابەش کەن ؟

کێ بەر درەوشانەوەی هەتاوی گرتووە

کێ ئیزنی پێداون

تیشک لە باڵندە دابڕ کەن ؟

سیمای ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆ ڕەش کەن ؟

من سنوور ناناسم!

پێم خۆشە هەڵبفڕم

لە گوانی کامە هەور زۆر تەڕە

پاراو کەم ئەم ڕۆحە شەقارەم.

پێم خۆشە

یاسای دەستکردی چی خواوەندی زەوینە

پێ شێل کەم

بڕۆم و لە نێوان دوو هێمتی دنیادا ڕاوەستم

بست بە بست سەرتاپای نیشتمان

بکەم بە هێلانەی ئەم جەستە ئاوارەم.

---

## ● «بووکیان دزی»

زاوا خۆش بێ،

بووکیان دزی

ها.... سواران

بە جەلیت و بە تەقڵەکوت

بردیان بۆ پەردووە بێگانە!

سەرە ئێوە سەلامەت بێ

ئێمە گشتمان پەردووگێڕبووین

زەماوەندمان بوو بە ماتەم

بیرەورە بووکە دزراو

لەسەر دڵمان بوو بەداخ و

سمێڵە خیچکە زاوا تازە

لە چاومانا بوو بە تانە!

---

## ● «فەرمان»

ڕایەخێکیان بۆ ڕاخستم
قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم!
وتیان: بنووسە شەوەزەنگ
لەم وڵاتە سروشتیە
بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو و دەمار ئەگرێ
ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە
عومری باڵندەی بەرزەفڕ
کورتە بە قەد تەمەنی گوڵ
هەر زوو ئەمرێ!
وتیان بنووسە ئاسمان،
قەلەمڕەوی یاسای داڵە
ئەوین چیای یاخی بوونە
بۆنی گوڵ و بوونی ڕۆژ و پەڕپەڕوچکەی ئاسمانی بەرز،
خەونە، خولیایە، خەیاڵە!
وتیان بنووسە یاسای داڵ، یاسای خوایە
چی باڵندە و پەلەوەرن، بێ سام و سڵ،
هەتا بن میچی ئەو ڕکەی تێیدا دەژین،
دەتوانن دەنگیان هەڵبڕن

ناوبەناویش بە سرتەسرت،

قام و حەیران بۆ دڵ بچڕن

ئەتوانن لە شەقەی باڵ دەن،

تا بەر دەرکی قەفەز بفڕن!

لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم

بەخوێناوی بولبولێکی کوژراو

نووسیم :

ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە!

نووسیم:

ئەوین یاسای بێ خەوشی دڵدارە

گوڵ و ئاسمان وئازادی

قانوونی خوای ئەویندارە

---

## ● «زیندانی»

لە نێو تاکەکەسییە تەنگەکەمدا
هەڵکـــور ماوم!
کارەساتێک بەڕێوەیە
لەو دیو دیوار
وەردیانەکەم ڕاوستاوە
دەلاقەیەکی بچکۆڵە
لەسەر سینگی دەرکە کەیە و
داخراوە!
کـۆترە باریـکـەی خەیاڵم
تامەزرۆیە، هەڵفڕێت تا
پەرپەڕووچکەی ئاسمانێ کاکی بە کاکی!
جار بە جارێ
وەردیانەکەم
دەلاقەکە دەکاتەوە و
لێم دەڕوانێ
ئەو تاریکی دەبینێت و من
ڕووناکی!

---

## • «گازندە»

دیسان کرمی بوختانکەری نێو مۆبالی دەمتان کەوتە مەرگە نووزە

ئێوە چین من بتاندوێنم

هێندە چووکەن

تەنانەت بە مێروولەتان ناشوبهێنم

من شاعیری دڵی خۆمم

چیتان دەوێ بەر ماو خۆران

بۆ چەقۆتان هەڵگرتووە

سینگی شیعرەکانم بدڕن!

ئاگادار بن لەم بێشەدا شێر خەوتووە

کەم وەک داڵاش

بە سەر جەستەی ماندووی خەمڕێژمدا بفڕن

ئێوە چین من بتاندوێنم

من دارێکی باڵابەرزم

گەرچی تووشی مەرگەساتی وەرزی ڕەشم

بەڵام هەرگیز

سەرم بۆ چی دارکونکەری دنیا هەیە دانانوێنم

وەکوو تانە کەوتوومە سەر گلێنەی چاوتان

هات و چۆم وەک خەنجەرێکە

ڕۆ دەچێتە دەروون و قوولایی هەست و هەناوتان!

ئێوە چقڵن

سیلەی ڕێگەی جێژوان ئەگرن

ئێوە بەکری مەر گەوەڕن

هەست و ڕۆحی ئەوینداران بریندار ئەکەن

بێژگە خۆتان کەس ناناسن

لە نێوانی گوڵ و دڵدا وەک لەمپەڕن

من شاعیری دڵی خۆمم

من هەر ئاواز بۆ خۆم و بۆ دڵدارەکەی خۆم ئەخوێنم

مشتێ خاکی دەشتی عەشقم،

بەڵام لە ئاستی ئێوەدا

لووتکەم ، لووتکـــــە!

ئێوەی تەڵخەک لە بنارما وەک چەقۆی کول

بۆ ڕووخانی باڵای بەرزم

بەردی خاراو هەڵدەکۆڵن

منی لووتکەش پێدەکەنێم

هێندە چووکەن

حەیام دەچێ بتاندوێنم

تەماشا کەن..

وێڕای دەیان جار کەوتن و هەستانەوە
من هەر خۆمم
وەک جارانی خۆم ئەنوێنم
ئێوەش هەر خۆتان ئاسایی
وەکوو کرم، بێ دەست و پا
ژڵیوەتان دێ بە ناو یەکا
بەرەو لووتکە تف ئەکەن و جنێو ئەدەن
منیش لە ئەو بەرزانەوە
هەر بورکان و بوومەلەرزە دەخولقێنم
هێندە چووکەن
حەیام دەچێ بتاندوێنم
چیتان دەوێ؟
بۆ چی هێندە ڕۆحی ماندووم ئازار دەدەن؟
نیگایەکی ڕۆحی پیسی خۆتان بکەن
دەردی من و دەردی ئێوە جیاوازە
شەرافەتی دەردێکی خۆم
بە گشت ژین و ماڵ و حاڵتان ناگۆڕمەوە
دەردی ئێوەش زۆر گەورەیە
بەڵام هەتا لای گونتانە!

قەڵەمێکی تیژ و تووڕەم

خۆتان لە من بپارێزن

دێڕ بە دێڕی ناملکەی ژینتان دەزانم

من وەک ئێوە خۆم لە پشتی ئاوێنەوە ناشارمەوە

کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەوم

ساکار و ڕوون وەک ئاسمانم

من گوڵێکم

بتانەوێ و نەتانەوێ

لەم شۆرەکاتە ڕواوم

ئێوەی دڕکیش..

ڕەق و کینەی هەموو دنیا کۆ کەنەوە

دڵنیابن.. دەستان ناگا

بە ترۆپکی بەرزی ناوم!

ئێوە چین بتاندوێنم

من شاعیرے دڵے خۆمم

من هەر ئاواز بۆ خۆم و بۆ دڵدارەکەی خۆم دەخوێنم.

- «تەنیایی»

ئەم سەردەمە

چەرخی دەردە

سەدەی تەنیایی ئینسانە

لە پانتایی ئەم کەویرە پان و پۆڕە

تۆ ئەو ئاسکە سەرگەردانەی

خێڵی ڕاوچی

لەسەر چارەنووست دەدوێن.

بڕیار دەدەن

بازنەی گەمارۆ کات بەکات

تەنگتر دەبێ

لە هەر لاوە دەسڕێژ دەکەن!

تۆ نازانی لە کام لاوە

لە دۆزەخی تەنیاییدا

لاشەت

دابێژ ــ دابێژ دەکەن

---

## «❖ تاسە»

خۆشەویستم

زۆر لەمێــژە تاســەی دووریـــت وەک دڵـــۆپێ فرمێســـک لەنـــاو گلێـــنەـے چاوما قەتیس ماوە

هەورـے ئازار بەسەر کێڵگەـے تینووـے

دڵما پرچے ڕەشے خەم و زووخاوـے هەڵاوە

خۆشەویستم

تاسەـے دووریت بوو بە تفەنگ

دەستے لە مل چیا کرد و نەهاتەوە

تاسەـے دووریت بوو بە خەیاڵ

ڕۆیے دەرگاـے سنوورەکان بکاتەوە

تاسەـے دووریت بوو بە هەللاج

سێدارەـے کرد بە جێژوانے دڵدارـے و ماچ

خۆشەویستم

لە نێوانے من و تۆدا دەریاـے ئاور شەپۆل ئەدا

سنوور وەک سەگ ئەلوورێنێ قەپ بە پاژنەـے قاچا ئەکا

هەنگاو بە هەنگاو تێمانە

بەڵام من ئەو ئەویندارەم لە ناو خوێنا ئەژیمەوە

شەقڵے سنووریان ئەشکێنم بە حەیران سیاچەمانە

خۆشەویستم

باسی دڵداری من و تۆ دنیای گرت و هێشتا ئێمە لەیەک دوورین

باسی دڵداری من و تۆ چاوی مێژووی کردە کانی فرمێسک و خوێن

هێشتا ئێمە سەدە و ساڵ و مانگ ئەژمێرین

خۆشەویستم

تۆ ڕێ کەوە من هەوڵ ئەدەم با بە یەکتر بگەینەوە

تۆ بانگم کە من پڕبە دەم هاوار ئەکەم

وەڵام یەکتر بدەینەوە...

قەف قەف زەنجیـــــر ســـــنوورەکان بپچـــــڕین و ئەو هـــــێلانە شـــــێواوەمان بکەینەوە بە کوردستان

ئەو هێلانە شێواوەمان بکەینەوە بە نیشتیمان.

---

## ◆بیستوومە دەڵێن...»

بیستوومە دەڵێن

هەندێ لە پێشمەرگەکانی ئەیلوول

ئیختیار و پەک کەوتە

لەبەر مەیخانەکانی شاردا

ڕیشۆڵە لە مستشارەکانی پێشوو

بۆ کورسی بەتاڵی پەرلمان و مێزی وەزارەت

لە گەڵ سەرانی حیزبە شۆڕشگێڕەکاندا

مامڵە دەکەن و چەک و شیر لە یەکتر دەکێشن!

بیستوومە دەڵێن

سمەی ئەحەڕەش

پێش مەرگەی ئەیلوول و گوڵان

کە هێشتا چەند تیکە لوغم و دوو گوللەی

لە نێو جەستەدا ماوە

کراوە بە حەرەسی بەر دەرکەی ماڵی ئەکرەمی حاجی موشیر؛

ئەکرەمی حاجی موشیریش هێشتا

جێگەی ئەو میدالیۆمانەی ماوە

کە دیکتاتۆرە زێڕەکە

لە دەسخۆشانەی ئەنفاڵی

هەفت ـ هەشت هەزار بارزانی و
کوێر کردنی چەند کانی و سووتانی چەندان دارستان
لە بەر بەرۆکی داوە
بیستوومە دەڵێن
نازانم دایک یان خوشکی مامەڕیشە
لە شەقامەکانی سلێمانیدا سواڵی دەکا
یاخوا درۆ بێ
بەڵام گەر ڕاستە
ئاخۆ ئەو مەسئوولە شۆڕشگێڕە داناڕزێ
وا خەریکە هەر ڕۆژە و
یەک لە ئاسکە وەحشەکانی دەشتی
شارەزوور مالێ دەکا.

---

## • «چوارینەیەک»

لە باخی سێوەکانتا لێمگەڕێ، با
دەمم بۆ دەم، دەسم بۆ مەم گەڕێ، با
گڕم! کلپەم! بلێسەی عیشقی هارم!
کنا، خۆت گێل مەکە، ئاخر هەژارم

—

بڵا مەم دەستەمۆ کەم، دەم لەناو دەم

بڵا دێوانە هەڵگووشێ مەمی شەم

کەنیشکە! دامەنت ئەگرێ هەناسەم

نەکا بمرم، وەرە بشکێنە تاسەم

—

---

- «لێم مەتۆرە»

بۆ تۆ

پشتم لە دنیا کرد

بووم بە شاعیر،خۆم ڕسوا کرد.

ئەمزانی

تۆ تۆفانێکی بێ ئامانی

دەریایەکی بێ بەندەر و خرۆشانی.

من ئەمزانی

هەزاران دڵ

لە تەندوورەی تۆفانی تۆدا خنکاوە.

من ئەمزانی

تۆ ئاگری

گیانی هەزاران پەپوولە

بۆ گەیشتن بە سەرچاوگەی تیشکی ڕوخسارت سووتاوە.

بەڵام هاتم خۆشەویستی تۆم

کردە ڕێی هات و نەهات.

وەک شەپۆلێکی نائارام

ڕووم کردە بەحری کارەسات.

---

## «پەری»

بارانێکی لێڵ دەبارێ

لەبەر دەرکەی هەڵبەستێکا ڕاوەستاوم

دڵم پڕیە لە هەنسک و

چاوم تەژی پرمەی گریان

پەری!

دەرکەم لێ کەرەوە

خەم خەریکە دڵم ئەخوات،پێدەکەنی

هاکا لە بەر دەرکەکەتا

سینگی شەق بێ گوڵ خەندەران!

پەری؛

دەرکەم لێ کەرەوە

دڵم تەنگە دەخیلت بم

گۆری بێدەنگی تاریکە

وەرە لە ناو باخچەی دڵما بچریکێنە

بە بێ قام و حەیران دەمرم!

هاوار نەکەم ئەم ئازارە دەمخنکێنێ

پەری!

وەک هەور بگرمێنە

سینگە شەقارەکەم تەڕ کە

سۆزی دڵم دامرکێنە

پەری!

ئیمشەو دا نەباریي ئاگر ئەگرم

تۆ خوا پەری! لێم مەتورە

بۆ تۆ پشتم لە دنیا کرد

بووم بە شاعیر،خۆم ڕیسوا کرد

ئەمزانی تۆ تۆفانێکی بێ ئامانی

دەریایەکە بێ بەندەر و خرۆشانی

من ئەمزانێ هەزاران دڵ

لە تەنورەی تۆفانی تۆ دا خنکاوە

من ئەمزانی تۆ ئاگری

گیانی هەزاران پەپوولە

بۆ گەیشتن بە سەرچاوکەی تیشکی ڕووخسارت سووتاوە!

بەڵام هاتم

خۆشەویستی تۆم کردە ڕێی هات ونەهات

وەک شەپۆلێکی نائارام

ڕووم کردە بەحری کارەسات

پەری!

دەرکەم لێ کەرەوە

بارانێکی لێڵ دەباری

ئیمشەو هاتووم .....

خەمەکانم لە باوشتا بتوێنمەوە

تەمەنێکە ڕێگا دەبرم

کەوشی پۆڵام داڕزاوە

گۆچانی ئاسنم شکاوە

توێشەم خاڵی، ڕوحم تەنیا

خۆم غەریب و دڵم هێلانەی باڵندەی

هەزار ئاواتی سووتاوە!

پەری!

دەرکەم لێ کەرەوە

ئەوناقم کرد!

ڕوحم وێنەی چۆلەکەی بەر لێزمەی باران هەڵدەلەرزێ

لە بەر دەرکەی ماڵەکەتا ڕاوەستاوم

بارانێکی لێڵ دەبارێ

شەو درەنگە! دڵ خاوێرە

ڕوحی تەنیام بە شەپۆلی خۆت بسپێرە

وەرە بۆ ناو هەستی ئاڵۆز و شێواوم

ئەی فریشتە،ئەی شیعری جوانی دڵداری!

ئێمشەو هاتووم

بە هاواری خوێن و فرمێسک بتهۆنمەوە

ئەی دوایین نرکەی ڕزگاری!

◆مامۆستا جەلال مەلەکشا

## ◆بانگم دەکەن

بەر لە مێژووی تەقینەوەی ئەم جیهانە

ئاسمانی پیر

ئەفسانەی داهاتووی زەوینی

بە گوێی گەردوونا ئەچرپاند

پەڵەهەورێکی چەواشە،

دڵی پڕ بوو!

من دڵۆپێ لەو گریانەم

کە لە چاوی هەور تکام

ڕۆڵەی ئاوارەی زریانم

لە سیلسلەی ڕۆحی ئاوم!

تەنیا و غەریب

نیشتمانم بەقەد مەودای مەرگ و ژیان، لە من دوورە

بە زنجیری تەمەن لە ئەم گۆڕخانەدا دیل کراوم!

◆◆◆

هاوار ئەکەم

تاسەیەکی لێو شەقارم

تینوو، تینوو،

لەم کەویرە بە جێ ماوم!

بۆ سەرچاوەم بگێڕنەوە

لەم وڵاتە نامۆیەدا

وەک تۆپێکی شڕ و شیتاڵ

وە بەر لاق و شەقی چارەنووس دراوم!

ڕۆحم لەناو ڕکەی لەشما ئەزریکێنێ

ئەم باڵندە باڵشکاوە

بیرەوەریی ئاسمانی بەرز، پەڕپەڕووچکە و ...

تەقڵە بازیی ساماڵی خوای هەرگیز لەبیر ناچێتەوە!

◆◆◆

بانگم دەکەن

گوێ ڕاێرن، بانگم دەکەن!

زەریا، شەپۆڵی چەواشە

هەور، دڵۆپی ئاوارە

ئاسمان، باڵندەی ئەسیر و

منیش یەکێ بانگم دەکا

دەنگی پێ دێ، دەنگی پێ دێ.

زایەڵەی دەنگی پێ مەرگە، لە دالانی دڵمەوە دێ

هەنگاو،

هەنگاو،

نیزیک بەگیان دەبێتەوە!

---

## ◆خەون ئەبینم یان بێدارم

شڵێوەی ئەکرد

بەفر و باران، تۆف و کڕێوە

ڕێگەی ماڵیان لێ ون کردم

لە ناو گێژی بۆرانێکی سیاساڵا چەواشە بووم

تۆفان پاڵی پێوە ئەنام

خۆم نازانم بۆ کوێ ئەچووم!

دنیا تاریک و نووتەک بوو

ڕێم ئەکرد و وەرز ئەگۆڕا

نە چاوی ڕۆحم دەیبینی

نە چاوی دڵ...

بە ناو چقڵا ئەڕۆیشتم

هەموو جەستەم بریندار بوو

لە دەست و پێم خوێن ئەچۆڕا

دەڵێی دەستێک ڕایدەکێشام

بە خۆم نەبوو....

بێ دەست و پێ

بە شوێن چارەنووسا ئەکشام!

هاوارێکی پڕ لەنفرەت

وەک زریکەی ڕۆحێک لە پڕ:

هەڵدێر ، هەڵدێر!

پێڵووەکانم لێک ترازان

لە ترۆپکی ئازارێکدا ڕاوەستا بووم

ڕۆحم ڕەش ، ڕەش هەڵگەڕا بوو

دڵ نوقمی خوێن

هەردوو چاوم وەک دوو گۆمی لیخن وابوو

بێڕەنگ، بێڕەنگ

لە ناو جەرگەی تەم و مژێکی خەستا بووم!

ئێرە کوێیە ؟

لە خۆم پرسی!

من چۆن لێرە گیرسامەوە ؟

کوانێ ئەسپ و قەڵەمەکەم ؟!

من خۆ بەرەو پەڕوپەرووچکەی ئاسمان ئەچووم ؟

بە وشەی تیشکـ
قسەم لە گەڵ شەوا ئەکرد
دژی زریان و شەختە بووم
سینگم پڕ بوو لە برووسکە
ڕۆحم وەکـ ڕۆژ لە ناو دەروونما ئەدرەوشا
قەڵەمەکـــەم، بە تیشکــ ، بە ئاگر
پڕ ئەکرد!
نامەی دڵدارانم پێ بوو
بۆ خوا، بۆ ئاسمان، بۆ سروشت
بۆ بارەگای عەشقم ئەبرد!
ئێرە کوێیە ؟!
کەی گەیشتمە ئەم هەڵدێرە ؟!
چۆن بوو سەرم شۆڕ ببووەوە بەرەو بنار ؟
خۆ من بالاّم بە قەد بالاّی کوێستان بەرز بوو
چۆن ئەم گێژ و ئەم زریانە هەڵیگرم ؟
خۆ من گۆمی شەوەزەنگم ئەشڵەقان بە بەردی هاوار!
خەون ئەبینم یان بێدارم
ئەم زەلکاوە کەی مەبەست و ئامانجم بوو
من دڵۆپی خوێنی گەشی زامی سینگی نیشتمان بووم

بەرەو دەریا ئەچوو ڕۆحی وەک ڕووبارم

ئێرە کوێیە ؟

خەون ئەبینم یان بێدارم ؟

---

## ◆مامۆستا جەلال مەلەکشا

مەکە، مە.. بایەخەے عەشق بگرم

بابگلێم، لەخوێنابگەوزێم، جا بمرم

ئەم زامە ناسۆرە، کەم دەستێ تێ وەردە

باهەر داپۆشراو بێ لە دڵما ئەم دەردە

چے خەمے دنیایە، لە دڵما وەک پوورە

گاز ئەگرن لە ڕۆحم، خێڵێ ژەنگە سوورە

مەکە، مە... باهەر خۆم بزانم کوێم ئەیشێ

پەتایە تۆش ئەگرێ، بڕۆ مەیە پێشێ

لەگەڵ هەر وشەیەک لە دڵم هەڵئەقوڵێ

دڵۆپێ فرمێسکە بڕوانە چۆن ئەکوڵێ

مەکە، مە... دەس مەدە لە ڕازے خوداییم

با نەرمێ قەڵاچەی خەڵوتی تەنیاییم

با نشکێ شەقڵێ ئەم ئازارە شینە

با نەڕژێ یەکجارێ ئەم دەریا ئەسرینە
عەشقێکێ پیرۆزە بانگ ئەکا و ڕۆح ئەچڕێ
گیان وەک دڵۆپێ بۆ دەریا هەڵئەفڕێ
دەریایەک ئارامش ببەخشێ بەتاسەم
بۆ ئەبەد بمرێنێ هەنسک و هەناسەم
مەکە، مە...، گیانەکەم، ئیتر من ڕەوتەنیم
دەستم لێ هەڵبگرە، من خەڵکێ دنیا نیم

---

## ◆بەخشش

خەڵکی وڵاتی گریانم
کێڵگەی کامتان وشک و برینگە
هەردوو چاوم
پێشکەش ئەکەم،
وەک شەم لە ناو شەوەزەنگا
دەسووتێم و
دەتوێمەوە
شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە
دڵی ڕوونم

دابەش ئەکەم.

---

## ◆چەواشە

لە نێوانی ئاو و ئاگر

"وەک بۆ شایی مەودای دوو هاواری خنکاو"

ڕاوەستاوین!

ڕێ نەناس وورِ و کاسین

لەگەڵ ئاو و تینوویەتی

لە نێوانی مەوج و

بەندەر ڕاوەستاوین

لە دوو لاوە

تۆفان،

سێلاو،

هێرش دێنن

بەڵام

ئێمە ئاو ناناسین.

---

## ◆ گۆڕیچەی تاسە

ئێوە نازانن

ئەو کوڕە گەنجەی

ئەوین هەڵیگرت

چی بە سەر هات و

چارەنوس بەرەو کام وڵاتی برد؟

◆◆◆◆

ئەژدیهای جادە

عومری هەڵلووشی

لەم تراویلکەوە بۆ ئەو تراویلکە

ئەوەندە ڕۆیی

گیانی وەڕەز بوو

لە ناو گۆڕیچەی تاسەی خۆیا مرد.

## ❖چاو خڵەتێنە

هۆ خەڵکینە!

چاو کەنەوە

ئەو هەورانە

هەرچەند سەر لە ئاسمان ئەسوێن

قسرن،

بارانیان پێ نییە

تۆزی بەرپێی

ئەسپێ لەشکەرێ هۆلاکۆن!

بڕوا مەکەن.......

هەرچەند لە ئاو

لەباران و بەهار ئەدوێن

بڕوا مەکەن....

تەم و مژێ چاو خڵەتێنەێ بەرێ ئاسۆن!

کێڵگە تینوو

هەور نەزۆک

دەریاش سوێرە!

ڕێگە دوور و

ئاو تراویلکـــە

چاوساغ کوێرە

شەو درێژە

ئەنگوستە چاوـے نووتەکـــە

گەردەلوولە،

تەمە

مژە

چاو تا بەر پێ، هەتەر ناکا

ئەو ئەستێرە هانمان دەدا

کاروانکـــوژە

---

## نامە

دوێنێ شەوێ.....

هەورێکے تەڕ

پرچی سەوزـے ڕاوشاند و

بە گوێی دەشتا

موژدەـے شینکـــە و گوڵے چرپاند.

هەر لەو کاتا

باڵندەیەکی سپی هات

سەرێ کردە ژوورەکەما و

خۆێ داتەکاند

بۆنێ بەفر و چیاێ پێ بوو!

کوێستانێکێ پڕ لەخوێن و

پڕ لەبێن و پڕ لەزام و پڕ لەئەوین

بە شەقامێ دڵما پرژاند!

ئەو باڵندە نامەی تۆ بوو....

کوێستان لەناو نامەکەتا

ئامێزێ بۆ ڕادەگرتم

دەستێ تاسەێ ڕادەکێشام!

بۆ سەرچاوکەێ عەشقێ جارانێ ئەبردم!

دوێنێ شەوێ....

هەورێکێ شێت

پڕ لە برووسکە و بێقەرارێ

لەم ئاسمانە نامۆییەوە

بەرەو کوێستان سەرێ هەڵگرت

چێ تاسە بوو لەنێو دڵما

هەمووے کردە کۆڵەبار و

لەگەڵ خۆی برد.

---

## ◆ میرات

من یادگاری ئەو عەشیرەتەم

لە سەر سینگی ژین

گوڵیان بە هەودای خوێن تەقەڵ داوە!

ئێستا من بەڵام

لە دەستمدا قەڵەم

شیوەن ئەکات و

بڕنەوە کورتە بزمار ڕێژەکەی

باوکم لە مێژە

سەرەونخوونە و

بە دیوارێکا لە خاچ دراوە.

---

## دوایین نامە

نامەکەتم کردەوە

چاوەڕوان بووم وەک جاران

بملاوێنێ وشەی جوان

چاوەڕوان بووم

شانەی هەنگوین هەڵمژم!

دەستی وشەی سەوزی ئەوین

شانە کا

وەرزی ڕەش و سارد و شێواوی قژم!

وشەی یەکەم

سڵاو،

بەڵام سارد و سڕ

نێوئاخنی نامە،

سەهۆڵ وەک شەختە!

چۆن نەمردم؟

نازانم ڕەنگە ڕاست بێ

نەزیلەی کۆن،

دەڵێن عاشق گیان سەختە!

دێری دوایی،

هێڵی گاسنی خەم بوو...

گۆڵجاڕی دڵ بوو بە کێڵگەی جودایی

بڕۆ بڕۆ خودات لەگەڵ بێ

بەڵام

دڵی عاشق ناسکە زوو دەپڕووکێ

لە بەرامبەر تەوژمی ماڵاوایی!

---

## ◆ شمشاڵ

خەم خەنجەرە و

ئەوەندە دڵ کەوتووەتە بەر پەلاماری

کون ـ کون بووە وەک شمشاڵێ

بۆیە کاتێ

شوانە وێڵەی شێعرێکی نوێ

قامکی خۆی بۆ ڕادەدێرێ

وا بەسۆز و کوڵ دەناڵێ!

---

## • کاروان،کاروان

کـاروان! کـاروان!

کێ نوستووە ؟ کێ بێدارە ؟

ئەم ڕێگایەی پێدا دەچن،

هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە

دەور و بەرتان گورگە لوورە

چەقڵ کاسەی سەر و گۆشتی دڵتان ئەخوا

ئەوەندە تاریکی چڕە،

جندۆکە کۆرپەتان دەدزێ،

پێ نازانن

چاوتان لە ناو تاریکیدا،

تا ئەم خوارە هەتەر ناکات

بیرتان ئاسمانێکی تەسکە

هێندە بەرچاوتان تاریکە،

نازانن ڕۆژ لە ئاسۆی کام پێدەشتەوە سەر هەڵدێنێ

هەر بە تەشیە کۆنەکەتان دەیرێسن و لە بیری نوێ،

سڵ و سرک،

هەر ئەڕۆن و هەر بە ناقی قووڵی زوڵمەتا ڕۆ دەچن

چراکانیش کز ئەسووتێن

هێندێ چرایش چاوی گورگن

کاروان!کاروان!

هۆ کاروانی سەر لێ شێواو!

لە شەوگاری ئەنگوستە چاو

گۆچانی شک دەلاقەیەک ناکاتەوە

مەشغەڵ مەشغەڵ،

مەشغەڵی بیر، چرای ئەندیشەتان هەڵکەن

ڕێگا و ڕەوتێ هەنگاوەکانتان بگۆڕن

ئەم ڕێگایەی پێدا دەڕۆن،

زۆر کاروانی پێدا ڕۆی و نەهاتەوە

کاروان!کاروان!

بۆ کوێ دەڕۆن ؟!

ئەم هەورازەی مێروولە

پێدا ڕێکچەتان بەستووە،

دەتانباتە هەڵدێرەکەیساڵی پێشوو

ئەو بنارەش

وا بە ئێسک و کاسەی سەرتان داپۆشراوە،

دەگاتەوە بەفرەچاڵی کلیلەی ڕندوو

کاروان!کاروان!

ڕێگای تازە بدۆزنەوە!

کاروان!کاروان!

ڕێگای تازە بدۆزنەوە

---

## • «پەڵەنگ و مانگ»

پەڵەنگ لە سەر چیاے ئاوات

لەگەڵ تریفەے مانگەشەوا

یارے ئەکرد!

دنیا پڕ بوو لە خەیاڵ و حەز و تاسە

گوڕتاوے شەم بۆ پەپوولە

سرتەے ماسے لە گەڵ ڕووبار

خورپەے دڵے گوڵەباخ و

چرپەے پاے هەنگ

لە ناکاوا..

هەڵزنایە باڵاے چیا

شریخەے تفەنگ

ڕوخسارے مانگ هەڵپرووکا

لە ئامێزے سوورے چیا

بوو بە ئاسۆـ هاوارـ خوێن

گڵکۆـ پەڵەنگ

---

- «ڕێبوار»

ڕێبوارێکم

بە قەد مێژوو وەرز و ساڵ و سەدەم دیوە

بە قەد مێژوو

چقڵی ڕێگام لە نێو سینک و دڵ چەقیوە

بە قەد مێژوو

دێوەزمەی بە سامی ڕێگا

لە ئاسمانی چاوەکانما

ئەستێرەی گەشی چنیوە

بە قەد مێژوو

فرمێسکی چاوم سڕیوە

ڕێبوارێکم چەواشەم و

خۆم نازانم بۆ کوێ ئەچم

تاریکە شەوی نووتەکە و

ئەستێرەیەک پێ ناگەنێ

هەر لاقێکم بە لایێکا هەنگاو ئەنێ

دەستی ڕاس و دەستی چەپم

بە قەد مەودای سنوورەکان لە یەک دوورن

جەستەیەکی بریندارم

زامەکانم قووڵ و بە بەترەف و ناسۆرن

وەک خەمێکی مێژینەم و

لە ناو کڵپەی ئاگردانی ئەوینێکا هەڵقرچاوم

وەک ئاخێکی دوو کەلاویم

هەڵمی ناخێکی خنکاوم

من ڕێبواری مێژووی تاڵی دڵی خۆمم

هەر ئەڕۆم و هەرئەڕۆم و هەر جێ ماوم

هاوار ئەکەم

ئەم ڕێگایە نابڕێتەوە

تا پێ بە شوێن یەکا نەچن

دڵ و کوڵی بە یەک براو دەست لە ملی یەکتر نەکەن

دەستی ڕاست و دەستی چەپم بە یەک نەگەن

تا لە ژوانی ئەوینێکا پەیمان تازە نەکرێتەوە

ئەم ڕێگا نابڕێتەوە

نابڕێتەوە

- **«غەزەڵی فیراق»**

ئەگەر چی زەخمی دڵ ناسۆرە قەد داوای دەوا ناکەم
بە داوی شیوەن و ناڵین مەگەر دولبەر بە داوا کەم
نەماوە باوی عیشق و ناوی دڵ، بازاڕی دڵداری
سەری خوم هەڵگرم دەرچم بڕۆم و ڕوو لە سەحرا کەم
ئەوندەی دڵشکاندم یاری دڵڕەق شەرتە وەک مەجنوون
لەمەولا ڕوو لە قیبلەی کەعبەتۆلعوششاقی لەیلا کەم
غوبار و تۆزی ئاوێنە بە ئاوی روون نەبێ ناچێ
مەگەر من هەر بە مەی فیکرێ بە حاڵی ڕۆحی شەیدا کەم
وتی زاهید: کە پەیمانە بە بەردی تۆبە بشکێنە
بڵا بمرێ ڕەقیبی سەگ سفەت من کاری وا ناکام
دەڕۆم، ئەم کافرستانە بە جێ دێڵم، خودا بیکا
لە شاری عاشقاندا دەلبەرێکی تازە پەیدا کەم
لە سەر ڕێبازی خوێنی حەزرەتی پەروانە چەن خۆشە
بە هێزی ئاوری شەم شوڕشێ مەستانە بەرپا کەم
فەراقی تۆیە تەقدیرم، هەتا ڕۆژی حەشر گیانە
مەگەر تا نەفخی سووری عاشقان هەر شین و واوا کەم

بە ماچێ ئاوری دڵ ڕەنگە دامرکێ بەڵام هەرگیز

لە ڕێی ئیشقا ئەگەر بمرم تەقازای ناڕەوا ناکەم

غەزەل بەر تەسکە بۆ هاواری عاشق خۆزگە ئەمتوانی

لە هیجران و فیراقی گوڵ فوغانێ بولبول ئاسا کەم!

## ◆ انقلاب

- اوازهای فصل اظطراب

فربهی زالو از مرداب است.

بورژواها

- ارامش میخواهند

و

خون تازه

که قلب کارخانەها

به باطلاق فراخ معدەشان فرو چکد!

◆ ◆ ◆

انقلاب

ریزش کوه در مرداب.

و

شلیک گلوله،

در ژ امش چراگان خوکان است!

◆◆◆

وقوع زلزله را

احساس کور چارپایان

حدس میزند!

وقتی بورژواها

شرافت خود را

در چمدان میگذارند

باورکن، نظم سرمایه به هم خواهد خورد!

◆◆◆

وقتی بورژواها

در پای پلنگان طیارەی گریز، گریه میکنند

نه از دوری وطن

اشک تحسر است

بر انسداد گردش خون کارگر

در رگان متوم سرمایەهایشان!

در متن فرهنگ لغات شان

وطن، جایی ست

که پول،

بر مدار زرین بهره میچرخد!

◆◆◆

در انقلاب

تنها ریشه ها می مانند

ـ انان

که در هم تنیده‌اند.

---

## • «هەڤاڵەکان»

وتم پیرۆزباییتان لێ بکەم

بەهار دێت و شێعرێک

تازە بهۆنمەوە بۆ کوردستان !

وتم بە جوانترین وشە نەورۆز بکەم

بە ملوانک بۆ گەردنی بەرزی کوێستان !

زۆر هەوڵم دا

هەزار وشەم ڕست کرد و هەر نەهاتە بەر

پەنام بردە بەر پیکاسۆ:

گرینیکای بۆم ڕەسم کرد و وتی:

هانێ !

وتم لۆرکا ئەی تۆ:

وتی: شێعرەکانم لە کاستیلا بە جێ ماون

ڕێگا نادەن گورگەکانی !

وتم بە هایکۆی ژاپۆنی

ئەرکی شانم بە جێ بێنم

هیرۆشیما گڕی گرت و وشەی هایکۆ بوو

بە فرمێسک ڕژایە نێو گۆمی خوێنم !!!!

هەڤاڵەکان ڕاستە بەهار جوان و شەنگە

نەورۆز جێژنێکی تایبەتی گەلی کوردە

لێم ببوورن

پیرۆزباییتان لێ ناکەم

چۆن ناوێرم

بەڵام کارتە پۆستاڵێکی هەڵەبجەتان بۆ دەنێرم !!!!!

## • «چاوە چاو مەکە»

ئاسۆی ژین تەمە

بەمژێکی خەست

ڕێگە و دەر و بان, گشت داپۆشراوە !

دنیا خاموشە؛

وەرزێکی زەردە

ئەو گوڵەی کە تۆ بەدوایدا وێڵی

لە بۆسەکەیدا پەرژین کراوە !

ئەم ڕێگە ئاخۆ

چەندە ڕێبواری, لە پێی خستووە ؟

دێوی ڕێگری باخی ژین ئاخۆ

چەند پەتی مەرگی

بۆ ڕێبوارانی ئەوین ڕستووە!

## کوودەتا

جادە پشتی چەماندەوە

سیگناڵی ئەژدەهای سەفەر

ناڵاندی و تەنیاییمی لاواندەوە

دەستی هانی خۆشەویستم

دەستی گرتم....

وتی پێمدە یادگارێ

دەستم نایە سەری سینگم

ـ نەمداوە پێت مەگەر گوڵم؟

وتی کوانێ؟

وتم دڵم!

وتی ئەوە دەیان ساڵە لە لام دایە

وتم هانێ گیانیش لە گەڵ خۆتا ببە!

گیانم بوو بە سێ باڵندەی لانەی ئەوین

لەگەڵ دڵدارا هەڵفڕین!

ئاخ!

گەر بۆم بلوێ

لە سەر نەخشەی وڵاتەکان

هەموو جادە و شەقامەکان دەسڕمەوە

ئیزنی کۆچ و سەفەر نادەم

ئەم یاسایە دڵتەزێنە

بە کوودەتای ئەویندارانی

لە جیهانا

دەبڕمەوە!

## سەرگەردان

ئەم گەردەلوولە

بەرەو کوێم دەبا؟

من

قارەمانی

شانۆی کام قەڵەم شکاوی شێتم؟

وشەی داکەوتووی

کام دێڕی مێژووم؟

هەزاران ساڵە

هەروا سەرگەردان

بەدەورے خۆمدا

هەر دەخۆلێمەوە

تەنیا

و

سەرگەردان

وەک تۆپێکے شڕ

لەبەر تووکـــەشەق

چەند بەچکە بێژوو

## کارەسات

باڵندەیەک

چرپاندے بە گوێی گوڵێکـــدا

گوڵە گیان!

لەچکــەسەوزەکەت نەختێ لادە

با خونچەے دەم

تاسەے ئەوینم بشکێنێ

ئاوەنگے شەرم

بەسەر گۆناے گوڵدا خوشی

وتے شێتە!

ها.... ئەو هەورە چۆن دەڕوانێ ؟

حەیام دەچێ

ئارام بگرە تا سبەینێ!

هەور گوێی لێ بوو

نەڕڕەے گوڕین

شریخ و هۆڕے خستە باخ و

بوو بە تەرزە

دەمەو بەیان

کە باڵندە هات بۆ جێژوان

چەند دلۆپێ خوێنے سوور و

سێ ـ چوار تیکە لەچک مابوو

لە ئەو گوڵە

باڵابەرزە

## بۆ کچێکی قەرەج

کچێکی قەرەجم خۆش دەویست

ئەو ڕازی ئەوینی فێر کردم

وەک شەماڵ

ڕۆحێکی ئازاد و ڕەها بوو

من دەمەویست لە تەکیا بژیم و

بە دەوریا سنوورێک بکێشم

هەرێمی ئەوینی بۆ

بکەم بە سامان!

ڕۆژێک لای ئێوارە

گەردەلوول بە زەبر

جاڕیدا بە گوێچکەی هۆبەدا

خێڵی گوڵ

چۆڵی کەن بۆ بەفر!

من لە پشت پەنجەرەی دڵمەوە ئەگریام

ئەویش وەک خۆرەتاو

لە ئاسۆی شارەوە ئاوا بوو!

ئیتر لەو ڕۆژەوە

من بووم بە قەرەج و

ئەو بوو بە نیشتمان!

## من ڕەوتەنیم

من تاریکم وەک شەوەزەنگ

تۆ گیانی تیشکێ، ڕووناکێ

من ڕووبارم

نائارام و پڕ لە خرۆش

تۆ وەک دەریا

مەنگ و خامۆش و سامناکێ!

لە دۆزەخێ عیشقێ خۆتا بمسووتێنە

من جەننەتێ چاوێ تۆ بە بەهەشتێ خوا ناگۆڕمەوە

ڕۆحێ یاخیم دەسەمۆ کە

با چەواشەێ هەڵدێر نەبم

تۆ تەوەرەێ جەغزێ ژینێ

من هەر بە دەور عیشقێ تۆدا دەخولێمەوە

ئەمە دوایین جارە دەژیم

من خدر نیم

تاوێ، تەنیا تاوێ لە لات دادەنیشم

ماڵت ئاوا، من ڕەوتەنیم.

## چریکەی نێو قەفەز

هەموو شەوێ

لە ئەو دیوی دیوارەوە

باڵندەیکی دیلی قەفەز، تێی دەچریکاند!

بەستەکانی

ڕووداوانی نیشتمانی خوێن و ئاگر و هەڵمەت بوون

لاوک، حەیران، سیاچەمانەی

ئەکرد بە پرد

هەڵگورد دەستی شاهۆی ئەگرت

لە گەڵ قەندیل، بە سەر پردا

بۆ لای چیای ئاگری ئەچوون!

هەموو شەوێ

منیش لە پشت دەلاقەی ژوورەکەمەوە

زنجیری دیلیم دەپساند و

ئەسپی خەیاڵم زین ئەکرد

بە شارێگەی حەنجەرەے ئەو باڵندەدا

بۆ نیشتمان ئەچوومەوە

دوێنێ شەوێ

شەو بۆنے خەم، بۆنے ماتەمے لێ ئەهات

تا بەیانے چاوەڕوان بووم

دەنگی باڵندە کە نەهات

ئەوڕۆ بیستم

لە کازیوەے سپێدەدا

باڵندە دەنگ خۆشەکەیان سەر بڕیوە

بۆ تێکدانی بنکەی سوورے بەستەکانے

ڕەگ بە ڕەگی حەنجەرەیان هڵدڕیوە

ئێمشەو دڵم دەکورکێنێ

باڵندەیەکے باڵ و پەل و پۆ خوێناوے

لە سەر لقے شیعرێکے پڕ تاسە و هێشتا نەگوتراوم

هەڵنیشتووە و دەچریکێنێ!

## ◆دۆزەخ

لە ناو گڕ و کڵپەے پڕ لە ئازارے

ئەم دۆزەخەدا

دەسووتێم و

هەڵدەقرچێم

ڕۆژێ هەزار کەڕەت

دەمرم!

بەڵام هەرگیز

ناتوانم، نا......

بە جێ بێڵم

ئەو بەهەشتە شاد و سەربەستە

بۆ ئێوە و ....

بە کامتان بێ....

من تەنیا هەر

لەم دۆزەخە

هەست بە بوونے خۆم دەکەم و

ئارام دەگرم!

## بێ وڵات

چل ساڵە من
تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە
دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم
ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم
بستێ خاکم دەست ناکەوێ
ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی
تیا بنێژم.

## وشەی پیرۆز

مێژوو دەڵێ
سەدان کەڕەت
گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم
و وڵاتییێکیان تیا هەڵقرچان!
بەڵام هەرگیز؛نەیانتوانی
دوو دیاردە
لەسەر سینگم بسڕنەوە

یەکیان کورد و

ئەویتریان

وشەی پیرۆزی کوردستان.

## تۆڵەی چاوپێکەوتن

ئەی گیانەکەم!

بڵا پۆلیسەکان بنوون

زیندان بنوێ

بێدەنگی گشت بەند و قاوشەکان بگرێ

دەلاقەی ژوورەکەم داناخەم

چاوەڕوانم

بەڵێنت پێداوم شەوێ

بخزێیتە ناو خەونەکام.

کاتێ هاتی دەخیلت بم

کەس نەتبینێ

چۆنکە پۆلیس بە تاوانی نافەرمانی

تۆڵەی چاوپێکەوتنی

تۆم لێدەستێنێ!

### شێعری پیرەهەڵو

### به فارسی

### عقاب

فصل، فصل زرد پاییز است.

ـ لسمان، دلگیر و خاموش و زمین، سرد و غم انگیز است.

روی عمر سبز جنگل، گوئیا پاشیده بذر مرگ.

همچو اشک۔ انسان که إنسانی به حسرت، روز تلخ احتضار خویش.

- میچکد از چشم جنگل، دانه های برگ!

ا ۔ فتاب بی رمق، چون۔ اخرین لبخند یک سردار،

که به روز هزم، روی لجەی خون و شکست لشکرش می۔ اۏرد بر لب،

بر لبان تیرەی۔ کهسار خشکیده است.

زوزەی مرموز و بدبهن شغال باد،

شیون مرگ است.

که درون گیسوان جنگل بیمار پیچیده است.

* * *

**(مرگ می‌ اید!)**

**رعشه اش بر جان؛**

**او به خود میگوید و در خویش میلرزد عقاب پیر.**

**روی سنگی بر بلندای ستیغ کوه ایستاده است.**

**با همه خوفی که دارد، لیک،**

**چشم هایش، شیان شوکت و فخریست عالمگیر!**

**(مرگ می‌ اید!)**

**وه چه تلخ و زشت و نازیباست.**

**و کلید قفل این رمز معما گونه، ناپیداست!**

**- انکه میخواهد جهان را شاد**

**- انکه میجوید به زیر گنبد گیتی،**

**عزت و عدل و شکوه و داد**

**- انکه در اوج است، و راه عشق می پوید؛**

**ای دریغا! عمر او کوتاه و بی‌فرداست!**

**(مرگ می‌ اید!)**

**باز با خود گفت.**

**و دلش را یک ملال تلخ، در چنگال خود افشرد،**

**مرگ می‌ اید؛ گریزی نیست!**

زندگی را دوست میدارم.

داروی این درد پیش کیست ؟

ـ لسمان زیباست

و زمین و جنگل و ،کهسار جان‌افزاست.

ـ ان فسانه‌ـ لب هستی بخش،

در کدامین سوی این دنیاست!

یادش‌ـ لمد زیر پای کوه،

در کران بوی ناکِ گندِ مردابی!

ـ لشیان دارد کلاغی پیر.

زیسته بسیار سال، از صد فزون و لیک، همچنان مانده است!

سر درون ریم و چرک لاش مرداران.

چاپلوس و ،دم تکانِ جانور خویان.

همنشین با خیل کفتاران!

خود ندارد قدرت پرواز،

گشته در توجیهِ مرداب عفونت‌زای،

اوستادی نکته پرداز و حکایت ساز!

(مرگ میـ لید!)

و کلاغ پیر میداند که راز زندگی در چیست!

گفت و زد شهبال شوکت‌جوی خود، بر هم عقاب پیر!

ناگهان کهسار بخروشید!

کوه لرزید و به خود پیچید!

روبهان سوراخ گم کردند!

آهوان از خوف رم کردند!

گله را زنجیره‌ی آرامشش بگسست.

کبک یکه خورد!

جغد ترسید و دهان شوم خود را بست!

پس فرود آمد عقاب پیر.

از بلندِ شوکت و فخر و حریم خویش،

چشم‌های شرمگینش در میان چشم‌خانه مضطرب می گشت،

با دلی اندوهگین از آن همه تحقیر!

گفت:

- ای کلاغ پیر دنیا دیده‌ی استاد!

گرچه راه من ندارد با رهِ ناراهِ تو پیوند!

گرچه من در زندگانی با شمایان، ناهم‌آوازم!

گرچه تو با خفت و من با سپهر پاک دمسازم!

لیک امروزم به تو، ناچار کار افتاد!

جز تو دانایی به این مشکل، که دارم نیست!

این گره بگشای.

راز طول عمر تو در چیست؟!

من که پر در چشمه‌ی خورشید میشویم،

کهکشان عزت و جاه و شکوه و فخر میپویم،

عمرم اما سخت کوتاه است!

میپذیرم مرگ را و اجتنابی نیست.

لیک مرگ من بدینسان، زود و ناگاه است!

زاغ گفتا: ((جان بخواه ای دوست!

گرچه تو با من نمیسازی

گرچه تو هم چون نیاکانت،

بر ستیغ کوه مینازی!))

زاغ با خود گفتگوی دیگری دارد:

[نیک میدانم هراس از مرگ،

خوی تند از یاد او بِرده ست؛

دست مریزاد! ای زمان! ای روزگار! ای دهر!

که عقاب سرکش و آزاد،

این چنین خار و زبون و پست،

در پی چاره، به سوی من، پناه عجز آورده است!]

پس کلاغ پیر،

رفت و روی لاش مرداری پرید و شادمان خندید.

همچنان که لقمه میخائید،

گفت: رمز زندگی این است!!

ـ لشیان در ساحل مرداب ما افکن!

سفره انداز از طعامِ لاشەی مردار!

بر کنار خلوت و ارام،

از گزند حادثه ایمن!

در کتاب پند ما درج است؛

که نیای پیر ما فرمود:

در جهان جز وسعت مرداب،

هرچه می گویند و می جویند و می پویند،

حرف مفت است و ندارد سود!

گوش ای دوست!

تا بگویم که دلیل عمر کوتاه شمایان چیست...

زندگی در اوج میجوئید!

باد مسموم است!

بوی ـ گد نور میبوئید!

قلعه ای که بر فرازش ـ لشیان دارید،

ناخوشایند و بلند و بی ره و شوم است!

جاودانه زیستن در ساحل زیبای مرداب است.

خوردن و آسودن و خواب است!

چینه کن با من درون خاک.

این پر و بال بلند و زشت را بردار.

هر چه فکر کوه را دیگر فراموش کن!

توبه کن در آستان حضرت کفتار!

منقلب گشته عقاب پیر!

شرمگین و سخت توفنده، زان همه تحقیر!

گفت:

من کجا و این بساط ننگ؟!

تف بر این مرداب گند و خوان رنگارنگ!

مرگ در اوج سپهر پاک،

خوشتر است از لحظه ای ماندن،

در جوار ننگ، روی خاک!

گفت: ای زاغ پلید و زشت!

جاودان ارزانیت، عمر پلشت!

من نخواهم عمر، در مرداب

من نجویم زندگی در لاشه ی مردار!

من نسازم آشیان در ساحل ایمن!

من نسایم سر به درگاه شغال و روبه و کفتار!

اینک ای مرگِ شکوه ایین!

من چو روحِ نور از هر زشتی وـ لایشی ،مبرای‌ام.

تا نیالوده ست جان را ننگ؛

من تو را با جان پذیرای ‌لم!

گفت و شهبالان ز هم وا کرد.

گشت بر مرداب دوری چند.

در میان حیرت و، بهت کلاغ زشت

بال در یال بلند اسبِ باد افکند

---

- «کە خۆم ناسی»

کە خۆم ناسی!

وتم دایە: ئەمن کێم و چیم؟!

خەڵکی کام شار،

کام وڵاتی سەر زەویم؟!

وتی: ڕۆڵە!

تۆ کوردی و دیل و هەژاری

نیشتمانت کوردستانە!

بەڵام ناوی نیشتمانت

لەسەر نەخشەی جوغرافیای جیهان نییە، بێنیشانە!

وتم:دایە! باوکم کوانێ ؟

بۆچی هەرگیز دەستی حەزی نەگووشیوم ؟!

بە کام تاوان من هەتیوم ؟

وتی: ڕۆڵە!

ڕۆژێ کاتێ داگیرکەران شاریان سووتاند!

تفەنگی مافی کردە شان

ڕووی کردە ئاسۆی سەربەستی

لێزمەی خوێنی گەشی لەشی

بەسەر لێوی خاکا پژاند!

وتم:دایە! ئەی براکەم ؟

شەپۆلی خەم، ئاوی ماتەم

گۆمی چاوی پڕ کرد لە ئەستێرەی فرمێسک

وتی:ڕۆڵە!

لە کازیوەی وەرزی ڕەشا

لاشەیان کردە نیشانە

سەری کاسی خەمەکانی بردە ژێر خاک

گیانی پاکی کردە فیدای،

سەربەستی ئەو کوردستانە!

وتم:دایە!

ئەی من چ بکەم؟

هەستا سەر پێ،

تفەنگێکی برنۆ کورتی بزمارڕێژی دایە دەستم

وتی:ڕۆڵە!

ئەی هەی هۆی ئاوات و مەبەستم!

دەیان ساڵە لە چوار لاوە

کوردستان دیل و یەخسیرە

دەست و پێ زنجیر کراوە

ڕێبازی خوێن بگرە و بڕۆ

دۆعای گەلی چەوساوەی کورد،

لە پشتی تۆ!

سنوورەکان بشێوێنە

کوردستانم بۆ بێنەوە

با بە دەوریا بسووڕمەوە

کوردستانم بۆ بێنەوە

با دانیشم لەتە لەتە وڵاتەکەم بدوورمەوە!

## ◆کات

دیوار، دیوار...

دەورم دیوار و تێمانە

دنیا کڕ و کش و ماتە

هەنگاوی ژین ڕاوەستاوە

لە ئاقاری بێ بواری ئەم زیندانە

کات مشکێکە و تەمەن دەجوێ

شەو درەنگە

زیندانی چاو لە کاتژمێر

بێ دەنگ دەنوێ!

## ◆ ؟

خەریکە ڕێ تەواو دەبێ

زۆربەی زۆرم لێبڕیوە

ڕۆژژمێری سەر مێزەکەم

هەتا دێ کەم دەبێتەوە

پەنجا لاپەڕەم لێ دڕیوە

هاکا وتیان

ئەسپە سەر شێتەکەی زەمان

"جەلال مەلەکشا" یشی گلان

---

## • «ڕۆحے کوێستان»

کە هەرس هات

هێندێ کەوتن

هێندێ ڕێگەکەیان هەتلە کرد

هێندێ خۆیان پێ نەگیراو

بەرەو ئەو دیوے گردەشان ئاوارە بوون!

ئەوانەش وا

بەهار لە نێو دەروونیاندا پێدەکەنێ

سینگیان ڕووگەے خۆرەتاو و

ڕۆحیان گوڵە کێویلە بوو

دڵیان لە گەڵ دڵے خاکدا ئاوێتە بوو

وەک دار بەڕوو

بوون بە تۆوے گڕو کڵپە و

بەرەو ناخـێ کـوێستان ڕۆچوون!

بەفر و ڕنوو توایەوە

منیش هاتووم ب چەپکێ گوڵ

هێندێ لە ئەو بەرزانەوە ڕاوەستاون

جامەـێ سوورـێ گوڵەکانیان لەبەردایە

دەیانناسم، هەر چقڵەکانـێ جارانن

سیمایان بە خوێناوـێ گوڵ ڕەنگ کردووە

وەک دەوڵـێ بۆش هەڵمساون

هێندێ چەکمە سوورـێ بەر تیپ، زۆرنا بەدەست

کـردوویانە بە شایلۆغان

بە دیلان و چەپلەڕێزان

دەڵێن بەهارە، بەهارە....

چاو دەگێڕم...

ئەـێ بۆ چیا ڕەش دەنوێنێ

ئەمانە کێن ؟!

من دەگریم و ....

ئاو و خاک و دارستانـێ ئەم بنارەش

بە کوڵ دەگرین

ئەمانە کێن، گوڵەکان پێشێل دەکەن ؟

ڕۆحی کوێستان دەزریکێنێ!

---

- «بیستوومە دەڵێن....»

بیستوومە دەڵێن
هەندێ لە پێشمەرگەکانی ئەیلوول
ئیختیار و پەک کەوتە
لەبەر مەیخانەکانی شاردا
ڕیشۆڵە لە مستشارەکانی پێشوو
بۆ کورسی بەتاڵی پەرلمان و مێزی وەزارەت
لە گەڵ سەرانی حیزبە شۆڕشگێڕەکاندا
مامڵە دەکەن و چەک و شیر لە یەکتر دەکێشن!
بیستوومە دەڵێن
سمەی ئەحەڕەش
پێش مەرگەی ئەیلوول و گوڵان
کە هێشتا چەند تیکە لوغم و دوو گوللەی
لە نێو جەستەدا ماوە
کراوە بە حەرەسی بەر دەرکەی ماڵی ئەکرەمی حاجی موشیر؛

ئەکرەمی حاجی موشیریش هێشتا

جێگەی ئەو میدالیۆمانەی ماوە

کە دیکتاتۆرە زێڕەکە

لە دەسخۆشانەی ئەنفالێ

هەفت ـ هەشت هەزار بارزانی و

کوێر کردنی چەند کانی و سووتانی چەندان دارستان

لە بەر بەرۆکی داوە

بیستوومە دەڵێن

نازانم دایک یان خوشکی مامەڕیشە

لە شەقامەکانی سلێمانیدا سواڵی دەکا

یاخوا درۆ بێ

بەڵام گەر ڕاستە

ئاخۆ ئەو مەسئوولە شۆڕشگێڕە داناڕزێ

وا خەریکە هەر ڕۆژە و

یەک لە ئاسکە وەحشەکانی دەشتی

شارەزوور مالێ دەکا.

- «ئاخ باران»

چەندی ماوە؟

تا پەڵەی ئەم ڕۆحە دیلە قاقڕەم،

چەن وەرز

هەوری چەن پاییزی خوێناوی؟

ئەم کەویرە

تاکوو ئاسمان

هێندە دوورە

دەستی باران

ناگەیێتە ناخی خنکاوی!

ئەم گوڵە نیلووپەڕەی ژاکاوی دەستی لم

تا کەمەر چینی ئەسیری زبڵ و زاڵی پیسی زەلکاوە!

هەوڵ ئەدا خۆی هەڵکشێت و

لەم سنوورە تەمتومانە تێپەڕێ تا ئەو پەڕی گەردوون!

دەست و باڵی هەڵبڕیوە، ڕوو بە تیشکی ڕۆژ

ڕیشە تا ناخی قوڕ و لیتە

چەن هەزار ئاواتی سەوزی لەم سیا ئەستێرە خنکاوە!

ئاخ باران!

کەی دەبێتە لێزمە بارانێ

چی کەلاکی بۆ گەنیوی خاکپەروەر

لەم زەوینە ڕۆح کوژەی بەدناوە ڕامالێ

هەر دڕوو دەڕوێ

خێڵێ گوڵ کەوتوونە بەر شەللاخی

باهۆز و

هەرچی شیناوەردە ، ژاکاوە

خاک لانەی مار و دووپشکە

ئاسمانیش قۆرخی داڵە

ئاخ باران!

کەی دەبێتە

لێزمە بارانێ

گیانی تازە

خاتە بەر ئەم

ژینە گنخاوە!

## ● بە خوا تۆ گوناهی خانم گیان

من هەرگیز نەمزانی

لە کـویێوە هاتووی و چۆن چۆنی

خۆت خستە نێو گەرووی تەنوورەی گێژاوی ژیانم ؟!

لە مندا چیت دیوە ؟

چیت کرد بەهانە ؟

بە خـوا تۆ گوناحی خانم گیان!

گوڵێکی سەرتۆپی سەرتاپا جوانی

نازانم چۆن دڵی بەخۆیدا ناسووتێ

نێو جەرگەی برجیلەی نەخشین باڵ

ئەم ناوە سەرانســەر ئاگرە و

تۆ بەرگەی جەهەننەم ناگری

بڕوانە قەڵاکەت ڕووخاوە

خاپوورە ، شێواوە هێلانە!

بانگەشەی بەهەشتم مەکــە..مە...

ناتوانم ئەم پیرە دۆزخە جێ بێڵم

دەردی من دەردێکی گەرانە

لە هەر لا بڕوانی هەر دەردە

"نازانم ئەم کوا ڕزیوەم بە کامە لقێکی شەوگارا هەڵواسم!"

لە نێوانی ئاسمان و زەویدا، سەراوێز کراوم

بەخـوا تۆ گوناهی خانم گیان!

دەستت لە شاقەلی ئەم کەوا سووتاوەـے من بەردە.

## «بۆ کچێک»

کەنیشکە جوانەکەی شاری ئەوینم

گوڵم، ئۆقرەم، حەزم، ئاواتی ژینم

لە سرتەی لێو و خۆرپەی دڵ بزانە

لە بۆ ماچێکی کوڵمت، هەڵپەیانە

شوانی ڕانی خۆزگە و عەزرەتانم

شەکەت نووچێ لە پاوانی مەمانم

دزی خەرمانی شەقڵی بێقەرارم

وەکوو برسی، شکانی شەقڵە کارم

گوڵم ئەو تەقڵە بازانە کە مەستن

بەرەڵڵایان کە بۆ هێلانە بەستن

بڵا با بانی سینگم کەن بەلانە

نەکا بمرم لە داخی ئەو مەلانە

لە باخی سێوەکانتا، لێم گەڕێ با

دەمم بۆ دەم، دەسم بۆ مەم گەڕێ با

گڕم، کڵپەم، بڵێسەی عیشقی هارم

کنا، خۆت گێل مەکە ئاخر هەژارم

بڵا مەم دەستەمۆ کەم دەم لە ناو دەم

بڵا دێوانە هەڵگووشێ مەمی شەم

کەنیشکە! دامەنت ئەگرێ هەناسەم

نەکا بمرم، وەرە بشکێنە تاسەم

---

### ئاویەر

من کێوێکی ڕاوەستاوم لەو بەرزە

هەورە تریشقەش پشتم ناخاتە لەرزە

هەرچەند بێدەنگ، ڕاوەستاوم لەو بانە

دەروونم پڕ لە ئاگر و بورکانە

کارەسات و ڕووداوی زۆرم دیوە

زۆر نەیاری درم لێ ڕاپەڕیوە

خوێنی گوڵی سووری زۆرم ڕژاوە

بەسەر یاڵ و ماە و زەردەما پژاوە

**سینگم داڵدەی ڕۆڵەی ئازاو بوێرە**

**لانەی تەژی نرکەی پڵێنگ و شێرە**

**سەدان کەڕەت هێرشیان بۆ هێناوم**

**لە ڕوویاندا وەستاوم، ڕاوەستاوم**

**گوڵی زۆریان لە داوێنم دزیوە**

**پای چەند ڕۆڵەم لە تەپکە و داو خزیوە**

**هێندە ئازار و برین و ئێشم دیوە**

**باخی مێژوو بەخوێنی من خەملیوە**

**پشتم خەما لەژێر باری تەوژما**

**تفەنگ نەما هەڵنەشاخێ بە گژما**

**هەرچەند لە ناو خاک و خوێنا گەوزاوم**

**بەڵام دیسان هەستاوم و هەر ماوم**

**ڕۆحی بەرزم چاوکەی ئاوی ژیانە**

**قەت نامرم خزری زیندەم میوانە**

---

## ◆خەون

---

زۆر شەو لە خەودا ڕادەچڵەکام

لە عارەقەی سام دگەوزام

خەونم دەدی...

تەرمی کوژراوی پیاوێکم لە کۆڵ ناوە!

هەر دوو دەستم خوێناوییە

نەمدەزانی ئەم بێگانە

چۆن بە دەستی من کوژراوە!

خەونم دەدی

پۆلیس وەک شارە مێروولە هەڵدەقوڵن و

دەورەم دەدەن

هەر دوو دەستم دەبەستن و

بەرەو گۆڕستانم دەبەن!

ڕامدەکرد و

لە قەڵشتی زامی سینگی تەرمەکەوە،

ڕۆ دەچووم و

خۆم لە پەنای ئازارێکا دەشاردەوە

هەر خەریک بووم

خەنجەرێکم بە هەسانی گەردنی خۆم تیژ ئەکرد و

خەنجەرەکە، دەمی نابووە

**گەرووی تەرم و**

**لە چۆڕاوەی خوێنی ژینی ئەخواردەوە!**

**خەونم دەدی، خەونم دەدی**

**هەتا ڕۆژێ لەم گۆڕخانە گیرسامەوە**

**ئیتر ئەوسا تێگەیشتم**

**ئەو تەرمە هەرجەستەی خۆم بوو**

**کە خۆم بە دەستی خۆم کوشتم!**

---

## خەون ئەبینم یان بێدارم

**شڵێوەی ئەکرد**

**بەفر و باران، تۆف و کڕێوە**

**ڕێگەی ماڵیان لێ ون کردم**

**لە ناو گێژی بۆرانێکی سیاساڵا چەواشە بووم**

**تۆفان پاڵی پێوە ئەنام**

**خۆم نازانم بۆ کوێ ئەچووم!**

**دنیا تاریک و نووتەک بوو**

**ڕێم ئەکرد و وەرز ئەگۆڕا**

نە چاوی ڕۆحم دەیبینی

نە چاوی دڵ...

بە ناو چقڵا ئەڕۆیشتم

هەموو جەستەم بریندار بوو

لە دەست و پێم خوێن ئەچۆڕا

دەڵێی دەستێک ڕایدەکێشام

بەخۆم نەبوو....

بێ دەست و پێ

بە شوێن چارەنووسا ئەکشام!

هاوارێکی پڕ لە نفرەت

وەک زریکەی ڕۆحێک لە پڕ:

هەڵدێر ، هەڵدێرا!

پێڵووەکانم ئازارێکدا ڕاوەستا بووم

ڕۆحم ڕەش ، ڕەش هەڵگەڕا بوو

دڵ نوقمی خوێن

هەردوو چاوم وەک دوو گۆمی لیخن وابوو

بێڕەنگ، بێڕەنگ

لە ناو جەرگەی تەم و مژێکی خەستا بووم!

ئێرە کوێیە؟

لە خۆم پرسی!

من چۆن لێرە گیرسامەوە؟

کوانێ ئەسپ و قەڵەمەکەم؟!

من خۆ بەرەو پەڕو پەڕووچکەی ئاسمان ئەچووم؟

بە وشەی تیشکــ

قسەم لە گەڵ شەوا ئەکرد

دژی زریان و شەختە بووم

سینگم پڕ بوو لە برووسکە

ڕۆحم وەکــڕۆژ لە ناو دەروونما ئەدرەوشا

قەڵەمەکـــەم، بە تیشکـــ ، بە ئاگر

پڕ ئەکرد!

نامەے دڵدارانم پێ بوو

بۆ خوا، بۆ ئاسمان، بۆ سرووشت

بۆ بارەگای عەشقم ئەبرد!

ئێرە کوێیە؟!

کەی گەیشتمە ئەم هەڵدێرە؟!

چۆن بوو سەرم شۆڕ ببووەوە بەرەو بنار؟

خۆ من باڵام بە قەد باڵای کوێستان بەرز بوو

چۆن ئەم گێژ و ئەم زریانە هەڵیگرم؟

خۆ من گۆمی شەوەزەنگم ئەشڵەقان بە بەردی هاوار!

خەون ئەبینم یان بێدارم

ئەم زەلکاوە کەی مەبەست و ئامانجم بوو

من دڵۆپی خوێنی گەشی زامی سینگی نیشتمان بووم

بەرەو دەریا ئەچوو ڕۆحی وەک ڕووبارم

ئێرە کوێیە؟

خەون ئەبینم یان بێدارم؟

---

## هەزار و دووهەمین چیرۆکی

### شەهرزاد

تۆ لێرە چی دەکەی؟

ئەی ڕۆحی ئاوارە و

غەریب تر لە دیجلە؟

بە سواری گژەبای دڕی کام کارەسات

هاتیت و لە بەغدا دابەزیت؟

گوێ بگرە....

لەو بەری دیجلەوە

لە دارولخەلافە

شریخەی شەلاخ و هەڕەشەی مردنە.

دەزانم

هەزار و دوهەمین چیرۆکی شەهرزاد

چیرۆکی ئەوینی کەسێکە

کە خولیای عەشقێکی ئاروین

سەری پێ هەڵگرت و

قەراخی دیجلەی کرد بە

ژوانگەی فرمێسک و تەنیایی

چیرۆکی ئەوینی کەسێکە

تەک "ئەبوونەواس"ی سەوداسەر

لە خەڵوەتی شەوانی بەغدادا

شەرابی دەرد و ژان ئەنۆشن

کاتێکیش سەرخۆش بوون

لە خەمی غوربەت و فەراق و تەنیایی

هێندە دەگرین، هێند دەگرین

دەبن بە شەپۆڵ و

دەدەن لە ڕووبار و

ئاوێتەی ئاو دەبن!

## ◆سخاوت خون

بااین زبان سرخ

من قطره‌های آتش را

در انجماد فصل سرد قبیله ریخته‌ام

من قطره‌های آتش را

در اوراق نازک کاغذ

به سینه های سیاه فصل

شلیک کرده ام!

من قطره های آتش را

با واژه های سرب

تلفیق داده‌ام!

به حریقی می اندیشم

که من نخستین جرقه‌اش باشم

◆◆◆◆

دستانم بزرگ و شاد

سودای حادثه را مشت کرده است

دستانم

در تعمق راه مرگ

مادینه گاو ابر را

تا نشای زندگی

یوغ همت به گرده نشانده‌ست

◆◆◆◆

مرا به موج خیز حادثه بخوان

مرا به روستای سرخ تاریخ دعوت کن

من از سخاوت خون سرشارم

در من یک بیقرار ایستاده

در من اسب سفر

یال سرخ عزم افشانده‌ست

میخواهم

نقشی به یادگار

به کتاب بزرگ تاریخ بگذارم.

## «گەلی یاران»

کاتێ مردم دەخیلتان بم
لەم غەریبستانە مەمنێژن
جەستە ماندووە خەمرێژەکەم بسووتێنن
خۆڵە مێشە خەمبارەکەم
بە ئاوی دیجلە بسپێرن
دیجلە دەمبا بۆ ئۆقیانووس
دەبمە هەڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان
بای زریانیش هەڵدەکات و
جەستەی سپی چەشنی هەورم
دەباتەوە بۆ کوردستان
دڵتەنگ دڵتەنگ
لە سەر چاوەکەی ژیانم
چەشنی هەورێکی خەماژو دادەبارم
لە کوێستان و لە پێدەشت و دارستانا
دادەبارم تۆزقاڵ تۆزقاڵ
ژیلەموی دڵ دابەش دەکەم
بە سەر هەموو کوردستانا

# «کۆتایی»


جەلال مەلەکشا
خەیاڵ
ڕۆیی دەرگای سنوورەکان بکاتەوە
تاسەی دووریت بوو بە